# ثنائية العشق الحقيقي والمجازي، مثل رمزَي( الفتى و الفتاة ) من منظور الشعراء الأكراد الكلاسيكيين في الكرمانجي الأوسط (فەنایی ، بێدڵ)، أنموذجا

**پشتيوان محمود اسماعيل**

**قسم اللغة الكردية، كلية التربية الأساسية، جامعة صلاح الدين – أربيل، حكومة إقليم كردستان- العراق.**

pshtiwan.mahmood5@gmail.com

**بكر شاكر عبدالله**

**قسم اللغة الكردية، كلية التربية الأساسية، جامعة صلاح الدين – أربيل، حكومة إقليم كردستان- العراق.**

bakir.abdullah@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية:** ثنائية العشق الحقيقي , ثنائية العشق المجازي , رمزَ الفتى, رمز الفتاة , الشعراء الأكراد الكلاسيكيين , الكرمانجي الأوسط

**كيفية اقتباس البحث**

اسماعيل , پشتيوان محمود , بكر شاكر عبدالله, ثنائية العشق الحقيقي والمجازي، مثل رمزَي( الفتى و الفتاة ) من منظور الشعراء الأكراد الكلاسيكيين في الكرمانجي الأوسط (فەنایی ، بێدڵ)، أنموذجا,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آب ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٨ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

مسجلة في Registered
**ROAD**

مفهرسة في Indexed
**IASJ**

# ثنائية العشق الحقيقي والمجازي، مثل رمزَي( الفتى و الفتاة ) من منظور الشعراء الأكراد الكلاسيكيين في الكرمانجي الأوسط (فەنایی ، بیدڵ)، أنموذجا

# The duality of real and metaphorical love, such as the symbols of (boy and girl) from the perspective of classical Kurdish poets in Middle Kurmanji (Fahnayi, Bidl), as a model

**Pishtiwan Mahmood Ismail**
**Department of Kurdish Language, College of Basic Education, Salahaddin University – Erbil, Kurdistan Regional Government – Iraq.**
**pshtiwan.mahmood5@gmail.com**

**Bakir Shakir Abdullah**
**Department of Kurdish Language, College of Basic Education, Salahaddin University – Erbil, Kurdistan Regional Government – Iraq.**
**bakir.abdullah@su.edu.krd**

**Keywords** : The duality of true love, the duality of metaphorical love, the symbol of the boy, the symbol of the girl, classical Kurdish poets, Middle Kurmanji

**How To Cite This Article**
Ismail , Pishtiwan Mahmood , Bakir Shakir Abdullah ,The duality of real and metaphorical love, such as the symbols of (boy and girl) from the perspective of classical Kurdish poets in Middle Kurmanji (Fahnayi, Bidl), as a model ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, August 2026,Volume:16, Issue 8.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

The duality of literal and metaphorical love, exemplified by the symbols of the boy and the girl, is explored by classical Kurdish poets in Middle Kurmanji (Fahnai and Bidil). This duality is clearly reflected in the poetry

of these classical poets, who were heavily influenced by Nali. However, each poet approaches the issue from a different angle and perspective. Nali explicitly chooses the girl, viewing love metaphorically. Fahnai, influenced by Nali, favors the boy, but his influence is reversed, as he views love literally and rejects metaphorical love. Bidil, on the other hand, clearly shows the influence of Nali, choosing the girl and supporting Nali's view with new imagery and ideas. The impact of Nali is less pronounced in Bidil compared to the other poets. From this perspective, we will examine Nali's influence on other poets, particularly in the poem "If your love is metaphorical, then... only the girl," while also presenting the poets' individual visions. Examples include: (Fahna'i, Bidl) about love, because they benefited, like Nali, from the terms (boy and girl). Within this framework, poets played an important role in creating the structure of the literary text, its elements and content, and transporting the reader to the world of oral poetry. This phenomenon is a conscious choice by the poet, which is an inseparable part of the poet's identity and unique writing style.

الملخص

ثنائية العشق الحقيقي والمجازي، مثل رمزَي( الفتى و الفتاة ) من منظور الشعراء الأكراد الكلاسيكيين في الكرمانجي الأوسط (فەنایی ، بێدڵ)، أنموذجاً، والذي ينعكس و يتجلّى بوضوح في شعر شعراء الكلاسيكيين، متأثرين أكثر بنالى، ولكنّ كل واحد منهم ينظر إلى المسألة من زاوية أخرى ومن وجهة نظر مختلفة كما اختار نالى الفتاة بوضوح ونظرته إلى العشق مجازية، ولكن (فەنایی ) ، استحسن الفتى وذلك تحت تأثير نالى ويردّ عليه فالتأثر معاكس، لأن نظرته إلى العشق حقيقية ويرفض العشق المجازي،ولكن (بێدڵ) لهذا يبدو تأثير ( شبح) لنالى واضحاً فيه، متأثراً بنالى اختار الفتاة و يدعم رأي نالى بصور وأفكار جديدة، ولهب التأثير مقارنة بالشعراء الآخرين أقل، ومن هذا المنطلق والرؤية نبيّن تأثير نالى في الشعراء الآخرين ولا سيّما في قصيدة ( إذا كان عشقك عشقاً مجازياً فلا ... إلا الفتاة) مع عرض رؤى الشعراء أمثال: ( فەنایی ، بێدڵ ) حول العشق، لأنهم استفادوا مثل نالى من مصطلحي ( الفتى والفتاة )

وفي هذه الإطار لعب الشعراء دوراً مهما في خلق بنية النص الأدبي وعناصره ومحتواه و نقل القارئ إلى عالم الشعر المروي، وهذه الظاهرة هي اختيار واعٍ من الشاعر والذي يكون جزءاً لا ينفصل عن هوية الشاعر وأسلوبه الخاص في الكتابة ....

يتألف هذا البحث أساسًا من مقدمة وجزأين: يتناول الجزء الأول مفهوم الحب وتعريفه ومصطلحاته، مع التركيز على الحب والجمال وأنواع الحب، بالإضافة إلى الجوانب النظرية. أما الجزء الثاني، فيتناول الجوانب العملية من خلال موضوعين: الأول يُبين تأثير نالي على شعراء مثل فنائي وبدلي، والثاني يُسلط الضوء على آراء شعراء الأكراد الكلاسيكيين حول الحب الحقيقي، مع تطبيق استعارة لاي: (الزائل، عديم القلب). بعد شرح هذه الآراء، تُعرض النتائج في نهاية البحث، وتُدرج المصادر وفقًا للأبجدية الكردية.

# دوالیزمی عیشقی حەقیقی و مەجازی (ڕەمزی کوڕو کچ) لە نێوان نالی و شاعیرانی کلاسیکی کوردی کرمانجی ناوەڕاستدا ، (فەنایی و بێدڵ) بە نموونە .

**پشتیوان مەحمود ئیسماعیل/** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر.

pshtiwan.mahmood5@gmail.com

**پ. ی. د. بەکر شاکر عەبدوڵڵا /** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر .

bakir.abdullah@su.edu.krd

**پوختە**

دیاردەی هەردوو عیشقی حەقیقی و مەجازی بە (ڕەمزی کوڕو کچ) لە تێڕوانینی شاعیرانی کلاسیکی کوردی کرمانجی ناوەڕاستدا، بە نموونە: (نالی، فەنایی ، بێدڵ،)؛ چوارچێوەی ئەو باسەمانە کە دەمانەوێ پیشانی بدەین کە : کاریگەری نالی بە زەقی لە شیعری شاعیرانی کلاسیکی کوردیدا بەرچاو دەکەوێت و زۆربەی شاعیرانی کورد کەوتوونەتە ژێر کاریگەری نالی، بەڵام هەر یەك لەو شاعیرانەی لەسەرەوە بە نموونە دیاریمان کردوون لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە دەڕواننە بابەتی عیشق، بە نموونە: نالی بە ئاشکرا کچی هەڵبژاردووەو تێڕوانینەکەی بۆ عیشق مەجازییە، بەڵام فەنایی لەژێر کاریگەری نالی کوڕی پەسەند کردووەو بەرپەرچی نالی دەداتەوەو کاریگەرییەکە پێچەوانەیە، چونکە تێڕوانینەکەی بۆ عیشق حەقیقییەو عیشقی مەجازیش ڕەتدەکاتەوە، هەروەها بێدڵیش بە ئاشکرا تارمایی کاریگەری نالی بەسەریەوە دیارەو لەژێر کاریگەری نالی کچی هەڵبژاردووەو تێڕوانینی بۆ عیشق مەجازییەو لایەنگری نالی دەکات، تینی کاریگەرییەکەش بە بەراورد بە شاعیرانی تر کەمترە، لەم تێڕوانینەوە هاتووین کاریگەری نالی بەسەر شاعیرانی تر پیشان بدەین، بەتایبەتی لە قەسیدەی: (عیشقت کە مەجازی بێ خواهیش مەکە ئیللا کچ)، لەگەڵ پیشاندانی تێڕوانینی شاعیرانی وەک: (فەنایی، بێدڵ) دەربارەی عیشق، چونکە هاتوون بەهەمان شێوەی نالی سوودیان لە زاراوەی (کوڕو کچ) وەرگرتووە، لەم چوارچێوەیەشدا شاعیران ڕۆڵێکی گرنگیان لە ئافراندنی پێکهاتەو بنیات و ناوەڕۆکی دەقە ئەدەبییەکەو گواستنەوەی خوێنەر بۆناو جیهانی شیعر گێڕاوە. ئەم دیاردەیەش هەڵبژاردنی هۆشیارانەی شاعیرە، کە دەبێتە بەشێکی جیانەکراوە لە ناسنامەو شێوازی تایبەتی شاعیر لە نووسیندا .

وشەی سەرەکی: دووانەی خۆشەویستی ڕاستەقینە، دووانەی خۆشەویستی مێتافۆریک، هێمای کوڕ، هێمای کچ، شاعیرانی کلاسیکی کورد، کرمانجی ناوەڕاست

**پێشەکی :**

عیشق بابەتێکی زیندووی فرەڕەهەندە و بەردەوام لەژێر کاریگەری هۆکارە ئایینی وکۆمەڵایەتی و کولتوورییەکاندا گەشە دەکات. بەوەی کە پەیوەندییەکی ڕۆحی قووڵەو ئاوێتەبوونی ڕۆحی عاشقە لەگەڵ مەعشووق، هەروەها وەك بنەمایەکی حەقیقی و ئیستاتیکیش لە ئەدەبدا دەردەکەوێت. عیشقی حەقیقی و مەجازی وەک دوو دیاردەی عیشقی پانتایەکی فراوانی لەناو ئەدەبدا داگیر کردووەو ڕۆڵێکی گرنگی لە ئەفراندنی دەقی ئەدەبی بەرزدا هەبووە، لێرەدا سنوور بۆ



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

لێکۆڵینەوەکە دیاری دەکرێت، ئەویش بە دیاریکردنی ڕەمزی (کورو کچ)، کە خاڵی یەکلاکەرەوەی دەقەکانە، بۆیە سەرکەوتنی ئەم لێکۆڵینەوە بەندە بە: ( ئاماژەدان بەکاریگەری نالی بەسەر شاعیرانی دیاریکراوی وەک: (فەنایی، بێدڵ)ەوە. تێڕوانینی شاعیرانی کلاسیکی کوردی لە عیشقی حەقیقی و مەجازی بە ڕەمزی کوڕو کچی (فەنایی، بێدڵ) نموونەیەکی بەرچاوە لە بەکارهێنانی عیشقدا، چونکە بە شێوازێکی هونەریی و داهێنەرانە بەکاری دەهێنن، لە ڕێگەی زمانی شیعریی، وێنەی شیعریی، وەسفی وردی ڕووداوەکان و دەربڕینی خوازەیی، کە ئاماژەن بۆ ئەزموونی ژیان و عیشق و جوانی و ئاستی فرەڕەهەندی دەق و چەندین لایەن و واتای شاراوەدا

## سنووری توێژینەوە:

عیشقی حەقیقی و مەجازی (ڕەمزی کورو کچ) لە تێڕوانینی شاعیرانی کلاسیکی کوردی کرمانجی ناوەڕاستدا ، (فەنایی، بێدڵ) بە نموونە ، بە سنووری ئەم لێکۆڵینەوەیە دادەنرێت.

## هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:

لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوە لە عیشقی حەقیقی و مەجازی (ڕەمزی کورو کچ) لە تێڕوانینی شاعیرانی کلاسیکی کوردی کرمانجی ناوەڕاستدا، (فەنایی، بێدڵ) بە نموونە، تا ئێستا لە ئاستی پێویستدا نەبووەو ئاوڕێکی وای لێ نە دراوەتەوە، بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین ئەم بابەتە بۆ خوێنەرو ڕەخنەگران فەراهەم بکەین، لەلایەکی ترەوە بۆ گرنگی بابەتی عیشق لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا دەگەڕێتەوە .

## ئامانجی توێژینەوە:

عیشقی حەقیقی و مەجازی (ڕەمزی کورو کچ) لە تێڕوانینی شاعیرانی کلاسیکی کوردی کرمانجی ناوەڕاستدا، (فەنایی، بێدڵ) بە نموونە بە دیاریکراوی، جەختکردنە لەسەر پیشاندانی ئەم بابەتە وەك ڕەگەزێکی گرنگی دەق و لایەنی چێژو جوانی دەق، شاعیران چۆن (کچ و کوڕ) یان لەناو دەقەکانیاندا مەزراندووە، بە چ شێوەیەك لە شیعرەکانیان ڕەنگیداوەتەوە، کە ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیەیە.

## میتۆدی لێکۆڵینەوە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە مەبەستی دەرخستنی: (عیشقی حەقیقی ومەجازی) بە ڕەمزی (کورو کچ)، سوود لە فرە میتۆدیی وەرگیراوە، لەژێر ڕۆشنایی چەمکەکانی میتۆدی مێژوویی، بەراورد، شیکاری وەسفی، خوێندنەوەو شیکردنەوەو لێکدانەوە بۆ دەقە شیعرییەکان دەکەین؛ بۆ زیاتر ئاشکراکردنی ناوەڕۆک و نهێنی و تەکنیکەکانی دەق، کە بەشێکی پەیوەستە بەلایەنی تیۆری و بەشەکەی تریشی لایەنی پڕاکتیزەکردنی دەقە شیعرەکانن، چونکە لەوانەیە میتۆدێک تەنیا لە یەک لایەنەوە شیعرەکان ڕووناک بکاتەوە، بەڵام میتۆدی تر بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەی دەقەکە لە چەندین لاوە ڕۆشنایی دەخەنەسەر شیعرەکەو پانتاییەکی فراوانتر ئاشکرا دەکەن، لەبەر ئەوەی لەسەر بنەمای بیرۆکەیەکی یەکگرتوو دامەزراوە، چەندین بابەتی جیاواز لەخۆ دەگرێت، زانیاری لەشێوەی بیرۆکەو چەمکی پەیوەندیدار بەیەکتر دەخاتەڕوو.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە بنەڕەتدا لە پێشەکییەک و دووبەش پێکدێت : لە بەشی یەکەمدا : چەمك و پێناسەو زاراوەی عیشق، لەگەڵ عیشق و جوانی، جۆرەکانی عیشق، وەکو لایەنی تیۆری خراونەتەڕوو، لە بەشی دووەمیشدا: لایەنی پڕاکتیکی لە دوو تەوەردا باسکراوەو لە تەوەری

یەکەم: سەرەتا کاریگەری نالی لە قەسیدەی (عیشقت کە عیشقی مەجازی بێ) بەسەر شاعیرانی وەک: (فەنایی، بێدڵ) نیشان دراوە، پاشان لە تەوەری دووەم: تێڕوانینی شاعیرانی کلاسیکی کوردی کرمانجی ناوەراست بۆ عیشقی حەقیقی و مەجازی لای: (فەنایی، بێدڵ) پراکتیزەکراوە. لەگەڵ ساغکردنەوەی تێڕوانینەکانیان بۆ عیشق، لە کۆتاییدا ئەنجامەکان خراونەتە ڕوو، سەرچاوە کانیش بەپێی ڕیزبوونی ئەلف و یێ کوردیی ڕیزکراون.

## ١ : **عیشق لە تێڕوانینی ئەدەبدا :**

### ١-١ : **چەمک و پێناسەو زاراوەی عیشق :**

عیشق لە ڕوانگەی جۆراو جۆرو گۆشەنیگای جیاوازەوە چەندین پێناسەی بۆکراوە، هەندێک پێیان وایە کە عیشق پێناسە ناکرێت، بەڵام ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین چەند پێناسەیەکی کۆنکرێتی عیشق بخەینەڕوو، بۆ ئەوەی خوێنەر باشتر چەمک و واتای عیشق تێبگات و زاراوەی عیشقی لا ڕوونببێتەوە.

### ١-١-١ : **زاراوەی عیشق :**

ڕەگ و ڕیشەی زاراوەی عیشق بۆ زمانی عەرەبی دەگەڕێتەوە، چونکە لە بنەڕەتدا وشەیەکی عەرەبییەو لە فەرهەنگەکاندا بەزۆر مانا لێکدراوەتەوە، بەپێی زۆربەی فەرهەنگە عەرەبییەکانیش عیشق بە خۆشەویستییەکی زۆر دەگوترێت: (العشق: فرط الحب)، واتا (زێدەڕۆیی لە خۆشەویستیدا)(جەوهەری،١٥٢٥،١٩٧٩)، لەمبارەیەوە (ئیبن مەنظور) پێیوایە: (عیشق ڕۆچوونە لەناو خۆشەویستیدا)(المصري، ١٩٥٦، ص٢٥٢)، بەم پێیەش عیشق قوڵبوونەوەی خۆشەویستییە، یان لوتکەی خۆشەویستییە، ئەگەر زیادەڕۆیی تێدا کرا دەبێتە عیشق. (ئیبن فارض) لەبارەی عیشقەوە دەڵێت: (عیشق تێپەڕینە لە سنووری خۆشەویستی)(بن زەکەریا،٢٠٠١، ٧٤٧)، واتە: خۆشەویستی کە سنووری بەزاندو زیادەڕۆیی تێداکرا دەبێتە عیشق، (وشەی عیشق لە عەشەقەوە وەرگیراوە، عەشەقەش ڕووەکێکە لە بنی درەخت پەیدا دەبێت و خۆی لە درەختەکە دەئاڵێنێت و تا هەموو لق و پۆپی درەختەکە دەگرێتەوە، تا زەردی دەکات و بەتەواوی وشکی دەکات)(المصری،١٩٥٦، ص٢٥٢)، زاراوەی عیشق لەم ڕووەکە وەرگیراوە، کە ناوی لاولاوەیە، ئاوی ڕەگی درەختەکە هەڵدەمژێت و بەباڵای درەختەکە هەڵدەگەڕێت و خۆی بە دەوریدا لوول دەدات، تا لە ناوی نەبات وازی لێناهێنێت، هەرکاتێکیش مرۆڤ بەقووڵی دەکەوێتە داوی خۆشەویستی، عیشق وەکو لاولاوە بەردەبێتە هەموو گیانی و تەڕایی مرۆیی لەو کەسەدا ناهێڵێت. (ئەبو توراب) لەبارەی عیشقەوە دەڵێت: (العشق والعسق بە وشەی شین و سین پابەندبوونە بەشتێکەوە، کە لێی جیا نابێتەوە، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە دەگوترێ، کە: حەقی عاشقە بە گیرۆدەبوونی ئارەزووەکانی) (ابومنصور،٢٠٠١، ١١٨)، بەپێی ئەم واتایە بێت، عیشق ماددەیەکی لینجە، پێتەوە بنووسێت لێنابێتەوە، یان بە واتای گیرۆدەبوونی ئارەزووی مرۆڤ دێت لە پێناو خۆشەویستیدا.

### ١-١-٢ : **پێناسەی عیشق :**

لەبارەی پێناسەی عیشقەوە، تائێستا چەندین پێناسەی جۆراو جۆر بۆ زاراوەی عیشق کراوە، بۆ نموونە: (د. محەممەد عەبدولڕەحمان) لە پێناسەی عیشقدا دەڵێت: ((عیشق بریتییە لە خۆشەویستییەکی بێ ئەندازەی لە هەژمار نەهاتوو، کە دەبێتە هۆی کوێربوونی هەستەکانی عاشق بەرامبەر بە مەعشوق))(ڕاوەندی،٢٠٠٤، :٦٥)، واتا خۆشەویستییەکی یەکجار زۆرو بەهێز دەبێتە عیشق. هەروەها (ڕۆمان ڕۆلاند) لە گۆشەنیگای ڕۆحییەوە

دەڕوانێتە ئەم چەمکەو دەڵێت: ((خۆشە ویستی زمانی ڕۆحە))(بابان و گلی،٢٠٢٤، ٤٦)، چونکە عیشق لەسەر بنەمای ڕۆحیی دروست دەبێت، عیشق ئاوێتە بوونی عەقڵ وسۆزو جەستەیە لە ڕۆحدا، عیشق بەلای (ئەفلاتوون) لە جوانیدا ڕەنگدەداتەوە، چونکە جوانی دەبێتە سەرچاوەی درووستبوونی عیشق، وەک دەڵێت: ((عیشق بریتییە لە جوانی))(ئەلمەسیری، ١٩٧٠، ٥٧)، لە ڕوانگەی دەروونزانیشەوە بە دیدێکی جیاواز پێناسەکراوە، کە زیاتر بە سێکسەوە دەیبەستنەوە، بۆنموونە: (سیگمۆند فرۆید) عیشق تەنها لە جەستەدا قەتیس دەکات، بە بڕوای ئەو: ((عیشق شتێک نییە جگە لەوە جۆش و خرۆش و دەستکەوتنی هێزی مەیلی سێکسی، یان لیبیدۆ))(حاجی و ئەمین،٢٠٢٤، ١٥٨)، فرۆید لایەنی ڕۆحی فەرامۆش دەکات و تەنها لایەنی چێژ لەبەرچاو دەگرێت و لە گۆشەنیگای سێکسەوە دەڕوانێتە چەمکی عیشق. هەروەها (شۆبنهاوەر)یش هەمان تێڕوانینی هەیەو پێیوایە مرۆڤ لە پێناو سێکس خۆشەویستی دەکات و عاشق دەبێت، سەرچاوەی سەرەکی عیشق سێکسە، هەر بۆیە دەڵێت: ((عیشق تەنیا لە پاڵنەری سێکسیدا ڕەگ دادەکوتێ))(شۆبنهاوەر، ٢٠٢١، ٥٩)، لە ڕوانگەی ئەدەبیاتی عیرفانیشەوە، نووسەران لە گۆشە نیگای جیاوازەوە پێناسەی عیشقیان کردووە: ((عاریفان پێیان وایە عیشق: بریتییە لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودا لە بەرزترین ئاستدا))(نەزهەت و مزەفەری و جەبارپور،١٣٩٧، ٨)، بەشێکی تری لێکۆڵەران بەدیدێکی تر پێناسەی دەکەن و لەو بڕوایەدان: ((عیشق باڵاترین پلەی ناسین و خۆشەویستییە))(کەسنەزانی وبەرزنجی، ٢٠٢٤، ٧٦٠). لە فەرهەنگی سۆفیگەری و لە ڕوانگەی تەسەوفەوە عیشق چەمکێکی جیاوازتری هەیە، بە جۆرێک کە: نەک تەنها زێدەڕۆییە لە خۆشە ویستیدا، بەڵکو لەپێناو گەیشتن بە مەعشووق سەروماڵ کردنە قوربانی و گیان فیدایە، ((لە تەسەوف عەشق، کاری عارفان و ئەولیاکانە، ئەوانەی توانای دەستبەرداربوونی هەموو شتێکیان هەیە لە سەروەت وسامانەوە تا ماڵ ومناڵ، تەنانەت ناوو پێگەو کەسایەتی و دواجار گیانیشیان دەبەخشن، بۆ دەستگرتن بە زانستی خوداوە.))(کەسنەزانی و بەرزنجی،٢٠٢٤، ٧٦١)، منیش دەڵێم عیشق: ئاوێتەبوونی ڕۆحی دوو مرۆڤە لە خۆشەویستییەکی قووڵدا، یان لە نێوان مرۆڤ و خوادا، یان: هێزێکی گەورەی خۆشەویستییە بەسەر دڵ و ڕۆحدا زاڵ دەبێت.

**١-١-٣ : چەمکی عیشق :**

عیشق پانتایەکی گەورەی لە زۆربەی کایەکان داگیرکردووەو پەیوەندیەکی بەهێزی لە ژیاندا هەیە، تا ژیان بەردەوام بێت عیشق درێژەی هەیە، بە تەنها پێناسەکردنی عیشق بەس نییە بۆ ڕوونکردنەوەی واتاو دەلالەتە کانی، بەڵکو پێویستە بابەتەکە بخرێتەژێر شرۆڤەیەکی وردو قووڵ، بۆ دەرخستنی زیاتری بابەتەکە بۆ بەش وتەورەکانی تریش زەمینە خۆشکەر بێت ، بە درێژایی مێژووش خۆشەویستی بۆ مانەوەی مرۆڤایەتی بزوێنەرێکی بەهێز بووە ، عیشق زانست نییە، شتێک نییە لە قوتابخانە بگوترێتەوە، بەڵکو ئەزموونە، چەشتن و چێژ وەرگرتن و تێدا ژیانە، لە ناخی هەر مرۆڤێک ئامادەباشییە، گەڕانە بە دوای نیوەی نەدۆزراوە، یاخود شتێکی ئەزەلییەو لەگەڵ دروستبوونی ئادەم هاتۆتەکایەوە، لەم بارەیەوە (عەلی شەریعەتی) دەڵێت:((هەر مرۆڤێک ونبوویەکی هەیە، بۆیە مرۆڤ دەبێت بەردەوام بە دوای نیوە ونبووەکەی تری بگەڕێت و هیلاک ببێت، تا دەگاتە پلەی کامڵ بوون، بۆیەش ئەم پەیوەندییە کە دروست دەبێت، پێی دەوترێت عیشق))(خورشید،٢٠٢١، ١٧)، ئادەم کە نیوەکەی تری دۆزییەوە، عیشق لەگەڵ دۆزینەوەی حەوا سەرهەڵدەدات و هەنگاو بە هەنگاو پەرە دەسێنێت، ((چونکە

عيشق ئاوى ژيانە، ژيان بەبێ عيشقێكى پاكژ وەک بارێكى گران وايە، ئاخر عيشق كرۆكى ژيانەو شتێكى ديكە نييە، لە عيشق گرنگتر بێت))(حەسەن،٢٠١٧، ٢٧٢). عيشق جووڵەى ڕۆحى مرۆڤەكانە بە جۆرێک زەنگێكى هۆشيارکەرەوەيە، بەستنى پەيوەندييەكى ڕۆحى بەهێزە لە نێوان مرۆڤ و خوا، يان لە نێوان دوو مرۆڤ، عيشق بە زۆر چەمک و باسى جۆراوجۆر وێنا كراوە، هەندێک بە پێويستى دەزانن و هەندێكيش بەزيادى دەزانن، چونكە ملكەچ بوونە لە پێناو گەيشتن بە مەعشووق، مردن و توانەوەيە بۆ مەعشوق، ئاوێتەبوونى ڕۆحى عاشقە لە مەعشوق، كە يەكدەگرن ئيتر دەكەونە دۆخێک كە پڕە لە شەيدايى و تامەزرۆيى و حەزو ويست و ئارەزووى سووتان و چێژ، لاى (مەولاناى ڕۆمى) عيشق ئاگرەو ئاگر بەرپا دەكات، بەم شێوەيە لەمەودوا ڕێگەى عيشق لە قسەى مەولاناوە دەستێ دەكات، كە پێى وايە جۆششى عيشقەو مەستييەكى مەعنەوييە بە عيشقى ئەزەلى، وەک دەڵێت:

**اتش عشق است كاندر نى افتاد جۆشش عشق است مى فتاد واتا كيميا**
**(فەيزى،٢٠٢٣، ل١٣٧)**

**ئاگرى عيشقە كە كەوتۆتە نێو نەى جۆششى عيشقە دەبينى تۆ لەمەى**
**(فەيزى،٢٠٢٣، ل١٣٦)**

لێرەدا مەبەستى مەولاناو زۆرێک لە عارفە گەورەكان ئەوەيە كە : مەى ماددى نييە، ئەوەى لە ميوە درووست دەكرێت، بەڵكو مەى خواييە ساليك بەهۆيەوە مەست دەبێت بۆ عيشقى خوا. (د. محەممەد تاتانى) لەبارەى ئاگرى عيشقەوە دەڵێت: ((ئەم ئاگرەى ئيقليمى عيشق بەتەواوى پێچەوانەى ئەو ئاگرەيە لە دنياداو لاى مرۆڤ هەيە ئاگرى دنيا سووتێنەرەو مرۆڤ لەناو دەبات و دەى فەوتێنێت، كەچى ئاگرى عيشق نەک هەر سووتێنەر نييەو عاشق نا سووتێنێ، بەڵكو كيان وبوونى ڕەسەنى عاشق دەپارێزێت و لە تياچوون ڕزگارى دەكات)) (تاتانى،٢٠٠٨، ٩٢)، كەواتە ئاگرى عيشق ومەحەببەت ئاگرێكە بەردەبێتە دڵ و گيان تين و شەوق پێ دەبەخشێت، لە بێئاگايى خەبەرى دەكاتەوە، لێرەدا ئەم ئاگرى عيشقە ئاگرێكى ماددى نييە، ئاگرێكە گەرميەكەى وزە بەخشەو ڕووناكييەكەى جوانييە، لە ڕوانگەى شاعيران و نووسەران ئاگرى عيشق چەمكێكى ئيستاتيكى و چێژبەخشى وەرگرتووە، دەروونى مرۆڤ پێويستى بە گەرمييەكى پڕ وزە هەيە، بۆ نموونە (مەحوى) دەڵێت :

**عيشق ئاگرێكە بەربووە هەر كەس دەيكا بە كەس**
**ئەگەر ڕۆژەڕەش وەک شەوە پێ بوو بە شەوچراخ (مودەڕيس، ٢٠٠٣، ١٧١)**

(وەفايى) لە بارەى ئاگرى عيشقەوە دەڵێت:

**ئاگرى عيشقت لە ڕۆحم بەربووە سەرتا قەدەم**
**وەك نەيستان هەر دەسوتێم مات وخامۆش وبێ سەدا (قەرەداغى و نەجارى، ١٣٨٩، ٣٤)**

واتا (عيشق لە كونجێكدا سەر دەردەكات و گەشەدەكات و خۆى دەلكێنێت بە ڕۆحى مرۆڤ، هەتا بەهەموو جەستەى هەڵ دەگەڕێت، تا لەگەڵ مەعشوق دەگاتە پلەى يەكگرتن، لە عيشقدا يەک كۆيەک دەكاتە يەک نەک دوو، لە عيشقى حەقيقى و قووڵدا دواليزم بزر دەبێت، بيركارى لەبير دەكرێت و ناپەيوەست دەكرێت، لە عيشقى قووڵدا دوو كەس چيتر دوو كەس نين، دەبنە يەكێ وەک يەک)(شوانى، ٢٠٠٩، ١٦)، عيشق لە خۆشەويستيدا ملكەچى و مردنە



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

، لە سۆزو شەیدای سووتانە، بۆ دنیای جاویدانی گەشتێکی ئەبەدییە ، عیشق شتێکی سانا نییە، حەزێک نییە بۆ قاشێک میوەی شیرین، عیشق بریتییە لە :داگیرکردنی ڕۆح، عیشق بە یەک نەگەیشتنەو لەپێناو مەعشووق وەفاو فیداکارییە.

ئەگەرچی عیشق هیلاککەری ڕۆحی مرۆڤە، بێدارکەرەوەی موریدانە، بێ ئۆقرەییە، بۆیە کارێکی سەخت و دژوارە، خۆ نەویستی و جەنگێکی نەبڕاوەیە، پێویستە بەردەوام بۆ گەیشتن بە مەعشووق لەپێناوی بجەنگیت، بۆیە عاشق هەمیشە وێڵ و سەرگەردانە، بە دوای ئەو جیهانە پەنهانییەی کە خۆی بە دوایدا دەگەڕێت، هەموو ئەم ڕێگایانەی کە بڕی، ئیدی لە ڕووخساری ڕەنگ دەداتەوە، لە زمان و گفتوگۆیدا هەستی پێ دەکرێت و لە چاوانیدا دەبینرێت، (( لە ڕوانگەی (سەعدی) ڕۆژان و دەورانی عیشق باشترین دەورانی ئادەمییە، ڕۆژی عاشق نابێتە شەو عیشق سەرەتای هەیەو کۆتایی نییە، تاکە کەسێک زمانی عیشق نەزانێ بە ڕەمزو ڕازی عیشق ئاشنا نابێت ئەو تەرزە عاشقییە چ مەجازی بێت یان عیرفانی)) (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٠، ٢٥٧).

**٢-١ : عیشق و جوانی :**

عیشق و جوانی دوو دیوی یەک دراون، هەمان نرخ و بەهایان هەیە، چونکە جوانی لە کێ بێت عیشق لەوێ سەر هەڵدەدات، جوانی کرۆکی عیشقەو لە بنیاتنانی پەیوەندی خۆشەویستی بنەمایەکی گرینگیشە، چونکە ڕۆڵ و کاریگەری گەورەی هەیە، سەرچاوەی سەرەکی جوانیش بۆ خودا دەگەڕێتەوە، بەو پێیەی یەکێکە لە نەوەت و نۆ ناوەکانی خودا، لە قورئانی پیرۆزیش ئاماژەی پێکردووە، (فله الاسماء الحسنی)(سورەتی الاسراء، ئایەتی١١٠)، لە فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د.خ)دا هاتووە: (ان الله جمیل و یحب الجمال)(ئەلحسێنان، ٢٠١٠، ٣١)، جوانی خوا لە بوون و ناوو سیفەت و کردەوەکانی ڕەنگیداوەتەوە، هەر بۆیە هەموو جوانییەکانی خالق و مەخلوق بە زەقی لە ناو ئەدەبیاتدا ڕەنگیانداوەتەوە، بەشێک لە فەیلەسووف و لێکۆڵەران عیشق بە جوانی دەبەستنەوە، (لە ئاکامی عیشقی خودا بۆ جوانی خۆی هاتەکایەوە، گەردوون دەبێتە ئاوێنەیەک بۆ پیشاندانی جەماڵی خوا، ئەمەش خودا سەرسامی ئاوێنەکەی دەبێت، گەردوونیش هەردەم ڕووی لە جوانی خودایە، چونکە خودای گەورە بە جوانترین شێوە گەردونی خوڵقاندووە، ئەو جوانییەش کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر عاشق هەیە، هەر بۆیەش عاشق شەیدای ئەم جوانییە دەبێت، بۆیە هەر جووڵەیەک لە بووندا بە ئامانجی گەیشتنە بە جوانی مەعشوق)(حسێن، ٢٠١٨، ١٢١)، جوانی سەرچاوەی دروستبوونی عیشقە، خۆی وەک ڕەگەزێکی سەرەکی بەسەر عیشق زاڵ دەکات، سەبارەت بە عیشق و جوانی هەر لە سەرەتای دروستبوونی گەردوون جوانی پێش عیشق هاتووەتە کایەوە، هەر بۆیەش مرۆڤ هەمیشە بە دوای جوانی وێڵە، چونکە جوانی گەنجینەیەکی بە نرخی شاراوەیە، جوانیش چێژو خۆشەویستی دەبەخشێت، ئەمەش وا دەکات مرۆڤ لە جوانی قووڵبێتەوە، بە ڕامان و تێفکرینێکی لۆژیکی درک بە جوانی ڕەها دەکات و ئیتر بەو هەموو جوانی و داهێنانە دەکەوێتە پەیوەندییەکی بەهێزی خۆشەویستی و هەوڵی گەیشتن بە حەقیقەتی جوانی دەدات.(حاجی و زەند،٢٠٢٤،ل١٦٧)، ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین لە ئەفراندنی گەردوون بەو هەموو جوانییە، ((جوانی خوا لەو دیو پەردەوە نییە، لە هەموو گەردووندا لە شێوەی هەموو جوانییەکدا خۆی پیشان دەدات، ئەمەش بەڵگەیە بۆ یەکێتی بوون))(حەسەن،٢٠١٧، ١٩٠)، هەروەها(خودا بزوێنەری یەکەمەو جیهان دە جووڵێنێت، بەڵام لە فەلسەفەی مەسیحییەتدا خوداوەند عیشقێکی داهێنەرو هەڵڕێژێکی وشک نەبووی خۆشەویستییە) (موقەدەسی، ٢٠٠٨،

٤٥)، بەپێی هەردوو فەلسەفەی یۆنانی و مەسیحی داهێنەرو بزوێنەری جیهان بۆ خوداو سەرچاوەی خۆشەویستی دەگەڕێتەوە، جوانیش بەهۆی عیشقی داهێنەرانە هاتۆتەکایەوە، هەر لەبارەی ئایدیالیستەکان لەسەرووی هەموویان: (ئەفلاتوون و هیگڵ) جوانی بۆ بوونێکی موتڵەق، یان ئایدیایەکی موتڵەق دەگێڕنەوە، کە لە سەرووی بیرکردنەوەی ئادەمیزاد دەوەستێت، ئەوەش بۆ باڵادەستی و داهێنەری گەردوون دەگەڕێتەوە، وەک لەم ئایەتەدا هاتووە: (الله بديع السماوات والارض)(سورەتی البقرة، ئایەتی١٧٧) واتە: خوای گەورە داهێنەری ئاسمانەکان و زەوییە، هەر بۆیەش فەلسەفەی جوانی وەک چەمکی داهێنان خۆی دەنوێنێت. (میراو دەلی،١٩٧٩، ١٤٦) گرێدانی عیشق بە مەسەلەی جوانی شتێکی حاشا هەڵنەگرە لە بەدیهاتنی سەیرو سەمەرەترین ڕووداوی ڕۆحی مرۆڤ، هەر لەبارەی دیاردەی جوانی لە یۆنانیش لەلایەن فەیلەسوفەکانەوە باسی لێوە کراوە، زانستی فەلسەفەش کە کۆنترین زانستەو لەلایەن مرۆڤ دۆزراوەتەوە، ئاماژەی بە(علم الجمال) کردووە، فەلسەفەی جوانی ئەفلاتوون بە بنەمایەکی بنەڕەتی و سەرەکی عیشقی دادەنێت وپێی وایە جوانی ڕەنگدانەوەی عیشقە، وەک لەیەکێ لە گفتوگۆکانیدا دەڵێت: (جوانی عیللەت نییە، بەڵکو مەعلوولە، واتە جوانی نەتیجەو بەرهەمی عیشقەو پێیوایە کە جوانی لە هەردوو جۆری عیشق، واتا عیشقی هەرزەکاری وعیشقی ڕاستی و حەقیقی بەدی نایێ؛ بەڵکو تەنیا مەعشوقەیەک جوانە، کە بتوانێ ئێمە هانبدات بە شێوەیەکی زۆرجوان خۆشمان بووێ. (ڕاوەندی، ٢٠٠٤، ١٢٩)، سەرچاوەیێکی تری جوانی کە سروشتە، ئەویش بۆ سەرچاوە بنەڕەتییەکەی کە خودایە دەگەڕێتەوە، جوانی سروشت سەرسوڕهێنەرە، لە داهێنانەکانی خودایە، چونکە: ((مرۆڤ یەکەمجار لەناو سروشتدا جوانی ناسیوەو هۆی جووڵاندنی هەستەکانی بووە، بۆیە دەبینین سروشت بۆتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بەرهەمهێنانی بابەتی هونەری و ئەدەبی)) (ئەحمەد، ٢٠١٤، ٢٣)، هەر لەدێر زەمانیشەوە مرۆڤ بەسروشت و دیمەنە جوان و سەرنج ڕاکێشەکانی سەرسام بووە، وزەو ئارامی بە ڕۆحی مرۆڤ بەخشیوەو پانتایەکی فراوانی لە ڕووبەری ئەدەب داگیر کردووە، یەکێکی تر لە سەرچاوەکانی جوانی، بریتییە لە: خوڵقاندنی مرۆڤ کە خوای گەورە مرۆڤی بە جوانترین شێوە دروست کردووە، وەک لەم ئایەتە پیرۆزەدا هاتووە: (ولقد خلقنا الانسان في احسن تقويم)(سورەتی التين، ئایەتی/٤) واتە: ((ئێمە ئینسانمان بەجوانترین شێوەو ڕیکو پێکترین شێوازدا درووستکردووە لەهەموو ڕوویەکەوە)) (موحەمەدئەمین،٢٠٠٨، ٥٩٧) ئەمە بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە بۆ ئەوانەی کە بۆچوونیان وابوو، مرۆڤ سەرەتا شێوەیەکی ناشیرین و نارێکی هەبووە، بەپێی ئەم بەڵگەیە بێت، پێم وایە بیردۆزی پەرەسەندنی داروین سەبارەت بە مرۆڤ بنەمایەکی زانستی ئەوتۆی نییە. جوانی مرۆڤ کاریگەری گەورەی لەسەر پرۆژەی عیشق هەیە، ڕۆڵی لە بەهێزکردنی پەیوەندی سۆزداری هەیە، (لە ڕوانگەی (غەزالی)یەوە لە مانای جوانیدا تەنیا لە شتە دەرەکییەکاندا دەبینێ، چونکە لەبازنەی خەیاڵ وڵات و شتە هەستکراوەکان زیندانی بووە، تەنیا لەڕێکوپێکی قەدوباڵاو ڕوخسارو ئەو شتەی کە نیشاندەری ڕووی دەرەوەی جوانی مرۆڤە دەبینێت، چونکە زۆرینەی مەسەلەی جوانی لای خەڵك ئەو جوانییەیە کە دەدیترێ و زۆربەی نیگاکەیان لە شکڵی دەرەوەو پەیکەرو لەشی مرۆڤ کورتبۆتەوە)(ڕاوەندی، ٢٠٠٤، ١٤٠)، ئەمەش بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە، کە جوانی جەستە ڕۆڵێکی گرنگی لە درووستبوونی عیشق هەیە، نالی لە شیعری: (عیشقت کە عیشقی مەجازی بێ) بە ئاشکرا بەسەر جوانی جەستەی ئافرەتدا هەڵدەدات.

**١-٣ : جۆرەکانی عیشق :**

جۆرەکانی عیشق بۆ کرۆکی لێکۆڵینەوەکەمان دادەنرێت، بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین بە وردو قووڵی باسی جۆرەکانی عیشق بکەین، بە تایبەتی (عیشقی مەجازی و عیشقی حەقیقی).

### ١-٣-١ : عیشقی مەجازی :

ئەم جۆرە عیشقە مەبەستمان عیشقی زەمینییە، ئەڤین و دڵداری لە نێوان هەر دوو رەگەزی نێرو مێ، یان کچ و کوڕ دروست دەبێت، پەیوەندی خۆشەویستی رۆحی نێوان هەردوو رەگەزی (نێرومێ) دەگرێتەوە، یان ئاوێتە بوونی رۆحی عاشق لەگەڵ مەعشوق بە خۆشەویستییەکی بێ سنوور بۆ یەکتر، ((عەشقی مەجازی مەبەست لێ عەشقێکە بۆ غەیری خودا بێت))(کەسنەزانی و بەرزنجی،٢٠٢٤،٧٦٢)، ئەگەرچی کۆمەڵێک لێکۆڵەر کۆکن لەسەر ئەوەی مرۆڤ سەرەتا گیرۆدەی عیشقی زەمینی جوانی یار دەبێت، بەڵام دواتر ئەم عیشقە دەبێتە پردێک بۆ پەڕینەوە بەرەو عیشقی حەقیقی، هەر لەبارەی عیشقی مەجازی یەکێکی وەکو (ئیبن عەرەبی) ((بەبێ سێ و دوو لە پەرتووکی "تەرجەمەی ئەشواقدا" مەعشووقەکەی مێیە. لە پێشەکی کتێبی ناوبراودا (سامی عەلی) دەنووسێ: عیشق لە جوانی سەرهەڵدەدا کە لە ژندا قەوارە وەردەگرێت)) (مەلا،٢٠١٣، ٤٦) ئەگەرچی (د. ئەحمەدی مەلا) لە تێزەکەیدا بێ شک وگومان جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی مەعشووق لای (ئیبن عەرەبی) مێیەو دەیەوێت لەرێگەی ئەم بەڵگەیەوە کۆدەکانی مەعشووق لای (مەحوی) پێ ساخبکاتەوە، بەڵام (عبدولرحمن المصطاوي) لەپەرتووکی دیوانی "ترجمان الاشواق" دەڵێت: (ژنی پاکیزەیی کردووە بە هێمای عیشقی ئیلاهی لە شیعرەکەیدا ئاماژە بە وەحی ئیلاهی و وەحی رۆحی و بۆنە ئیلاهییەکان دەکات بە گوێرەی میتۆدە سۆفیگەرییەکەی) (المصطاوی،٢٠٠٥، ١٥)، بەڵام بە تێروانینی خۆم ئافرەت سەرچاوەی عیشقی مەجازە، لای شاعیرانیش تەنانەت ئەگەر بە شێوەی رەمزیش بێت بۆ مەبەستێکی تر، یان عیشقی حەقیقی، بەڵام بۆ عیشقی زەمینی ئافرەت بناغەیەو کرۆکی عیشقی مەجازییە، بەگشتی نێر عاشقەو مێ مەعشووقە، لە عیشقی زەمینیدا عاشق دەکەوێتە خۆشەویستییەکی قووڵ و بە ئازارو گریانەوە بە دوای مەعشووق ڕادەکات، مەعشووقیش بەنازو غەمزەوە خۆی بەدوور دەگرێت و پلەو ڕادەی عاشق هەڵ دەسەنگێنێت، دوورکەوتنەوەکە ئەبەدی نییەو تەنها نازکردن و زانینی ڕادەی عیشقی عاشقە، هەر کە دڵنیاش بووە لە ڕاست گۆیی و ڕاستی و دروستی عیشقەکە ئینجا دڵی نەرم دەبێت و ئامادەی خۆی دەردەبڕێت، بە ڕازی بوون بە عیشقەکە وەسڵ و بەیەکگەیشتن یەک بوون بەدی دێت، مەعشووق بە پیاوەتی و وەفاداری و گیانفیدایی عاشق سەرسام دەبێت، بەمەش پێویستی مەعشووق بەعیشقی عاشق زۆر زیاترو قووڵتر دەبێت، شەوق و تاسەی عاشقیش بۆ جەماڵی مەعشووق گەلێک توندترو زیاتر دەبێت. (ڕاوەندی، ٢٠٠٤ ، ١١٨)، هەندێکجار لێکۆڵەران بە خۆشەویستی سێکسی، یان جەستەیی لە قەڵەمی دەدەن، لە ئەنجامی شەهوەت و هەوەسبازی لە پاڵنەری سێکسی حەزو گەیشتنی مرۆڤ بۆ غەریزەی سێکسی وچێژ وەرگرتن لێی، لە خۆشەویستی ئێمە، یان خۆشەویستی (جنسە) واتا: نێر بۆ مێ، یان مێ بۆ نێر، ئەمەش خۆشەویستنێکی مەجازییە، واتا ڕواڵەتییە، مانەوەی کەمەو زوو گوزەر دەکاو دەڕواو تێدەپەڕێ. (عەبدولفەتاح، ٢٠١٨, ٢٨٩ )، لێرەدا جوانی بناغەی دروستبوونی عیشقی مەجازییەو کاریگەری لە دروستبوونی پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوان ڕەگەزی نێرو مێدا هەیە، عیشقی مەجازی بەهۆی جوانییەک سەرهەڵدەدا ئەویش جوانی جەستەو بەژن وبالآیە، سەرنجی عاشق بەلای خۆی ڕا دەکێشێت، هەر لەسەر ئەم بۆچوونە (د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان) لە باسی عیشقی مەجازی و حەقیقی لای (ئەحمەدی خانی) بە پێی بەیتێکی خانی عیشقی مرۆڤ بە دووجۆر


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

داناوە: یەکەم: عیشقی جەستەیی مرۆڤ بەتاڵەو پووچە، چونکە پێیوایە جوانی کاتییەو هەمیشەیی نییەو نامێنێت، دووەم: عیشقی حەقیقی ڕاستەقینەیەو ئەبەدییە، چونکە لەناو ناچێت و دەمێ نێتەوە، ئەوی تر لای بۆشەو چێژێکی حەقیقی نییەو کاتییە، (شوان،٢٠٢١ ، ١٣٥) لەم بارەیەوە (خانی) دەڵێت:

**هون ڕاغیبێ حوسنێ لایەزالن          هون تاڵیبێ قالبێ بەتاڵن (ئوسمان، ١٩٩٠، ل٨٠)**

بینین کە سەرچاوەکەی چاوە، لە دروستبوونی عیشقی مەجازی ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە، چونکە لە ڕێگەی بینین عاشق بە جوانی دلبەر شەیداو سەرسام دەبێت و هۆکاری بەریەککەوتنە، کە مەعشوقیش غیاب دەبێت، ڕۆح بە دوای دەگەڕێت و دەیەوێت لێی نزیکبێتەوە، هەر کاتیش ئارەزووی جەستەیی بەهێز بوو، بیر لەو کەسە دەکاتەوە. (www.hindaw.org)) , ((ئەمەش زەمینە خۆش دەکات بۆ عیشقی مەجازی، ئیتر عاشق بۆ گەیشتن بەمەعشوق هەموو هەوڵێکی چڕ دەکاتەوە، کە تەواوی بیرو هۆش و ژیانی عاشق داگیر دەکات، عیشقی مەجازی دوو جۆرە، لێرەدا بە کورتی و پوختی باسیان دەکەین و ڕوونیان دەکەینەوە

<u>**١-٣-١-١ : عیشقی مەجازی نا مەعقوول:**</u> ئەم جۆرە عیشقەیە کە عاشق بە تەواوی گیرۆدەی مەعشوق بووەو هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە پێی بگات، بە مەبەستی خۆبەتاڵکردنی چێژو لەززەتی سێکسییە، ئەمجۆرە ئەندێشەو خەیاڵی عاشق دەشێوێنێت وبەتەواوی بیرو هزری داگیر دەکات، عاشق بەتوندی بە جوانی جەستەو نازو مەکری مەعشوق پەیوەست دەبێت، شاعیرانیش لەمجۆرە عیشقەدا بە شێوازو تەکنیکی هونەری بەرز ستایشی ئەندامەکانی جەستەی ئافرەت دەکەن، ئەندامەکانیش بە زۆری ئەمانەن: وەک بەژن و باڵاو چاوی جوان و لێوو کولم و پەرچەم و مەمک و سمت و ... ((ئەم عیشقە تێکەڵەیەکە لە خۆشەویستی و چێژو خۆشی جەستەیی و سێکسی، لەم عیشقەدا پیاو شەیدای ئافرەت دەبێت لەم ڕووەوەی مێینەیەو چێژو خۆشی پێ دەبەخشێت.)) (تاتانی ،٢٠٢٣، ٢٥)، ئەمجۆرەی عیشق زیاتر لەسەر حەزو چێژی شەهوانی ڕەگ دادەکوتێت، بۆ گەیشتن بە مەرامە سێکسییەکان هەوڵ دەدات ((سەرچاوەی بەدیهاتنی ئەمجۆرە عیشقە هەواو هەوەس و خۆپەرستی مرۆڤەکانەو زۆربەی خەڵکیش گیرۆدەی ئەمجۆرە عیشقەن. ئەمجۆرە عیشقە ئەندێشەو فیکر لە مرۆڤ دەستێنێ و دەبێتە لەمپەر لەسەر ڕێگەی عیشقی حەقیقی))(ڕاوەندی،٢٠٠٤، ١١٨)، عاشق لێرە تەنها لە بیری چێژو خۆشی و ڕابواردن بە حەزو ئارەزوو بۆ جوانی جەستەو سێکس سەرقاڵە، ئەمەش دەبێتە کۆسپ و گرفت لە بەردەم عیشقی حەقیقی، (شکوریە ڕەسول) لەم بارەیەوە دەڵێت: شیعری دڵداری ئەو شیعرەیە بە هەست وسۆز دەردەبڕدرێ، کە پیاو بە ئافرەت ببەستێتەوە، وێنەی خۆشەویستی پیاو وەسف و جوانی ڕوخساری ئافرەت پیشان دەدات، خۆشەویستیش ئەو سۆزەیە کە گیرۆدەی پیاوێک بە ئافرەتێک دەکرێت، بێ یەکتر ناتوانن هەڵبکەن و بژین، شاعیرانی کوردیش بە هەستێکی بەرز وەسفی جوانی ئافرەت و ئەندامە سەرنجڕاکێشەکان دەکەن ئەو کاتانەی بە ئاشکرا دڵداریان کردووە، ڕایان بواردووە، زیاتریش بۆ مەبەستی دامرکاندنەوەی ئارەزووەکانی مرۆڤە، شاعیرانی کلاسیکی کورد لە بابەتی عیشق و دڵداری درێغیان نەکردووە بەسۆزو ئەندێشەی داهێنەرانەیان، بە هەستێکی قووڵی جوان کەوتوونەتە وەسفی جوانی ئافرەت و ئەندامە سەرنجڕاکێشەکانی و زۆرجاریش لە سنوری ئایین و کولتوور لایانداوە.(ڕەسول، ١٩٨٩، ٤١)، نالی یەکێکە لەو شاعیرانەی کە بەئاشکرا لە قە سیدەی مەستوورە ئەم وێنانەمان پیشان دەدات و دەڵێت:

یاخود وەک خۆی شاهیدە ،با وەصفی وەها بێ: سیمین مەمکێکی هە کە تازە هەڵی دابێ

یا تازە هەنارێکی کەناری گوڵی مابێ بێ درزو قڵیش میسلی شەمامێکی تەڵا بێ
بۆ تەجرەبە تا لەززەتی شیرینی ئەدا بێ نەختێکی وەکو دیدەیی دەرزی قڵە شابێ
(مودەڕڕیس، ١٣٨٩،ل٦٢٣)

**١-٣-١-٢ : عیشقی مەجازی مەعقوول:** لەم جۆرە عیشقە پەیوەندی خۆشەویستی نێوان عاشق و مەعشوق بە شێوەیەکی پاک پیشاندەدات، لەسەر بنەمای ڕەوشتبەرزی و وەفاداری و هەموو بەهایەکی جوانی مرۆیی، عاشق سنوورەکانی کلتوورو ئایین و ڕەوشت نابەزێنێت، هەرچەند بە خۆشەویستێکی قووڵ گیرۆدەی مەعشوق دەبێت، بەڵام هیچ نیەتێکی خراپی نییە، جگە لەعیشقێکی ڕاستگۆیانە، ئەمجۆرە عیشقە زانایان پێیانوایە پردێکە، بۆ پەڕینەوە بۆ عیشقی حەقیقی و زەمینە خۆش دەکات عاشق ڕێگەی بگۆڕێت بۆ عیشقێکی باڵاتر، وەکو پەیژەیەک هەنگاو هەنگاو لە حەقیقەتی ئەبەدی نزیک ببێتەوە، ((خۆشەویستی مەجازی پێش مەرجی خۆشەویستی حەقیقییە))(عەبدولفەتاح، ٢٠١٨، ٢٨٨)، مرۆڤ سەرەتا کە دەکەوێتە داوی عیشق، بەڵام لە کۆتاییدا هیچ بەدەست ناهێنێت و پێی ناگات، ئیتر بەدوای عیشقێکی ڕاستەقینەدا دەگەڕێت، چونکە عیشقی مەجازی تام و چێژەکەی کاتییەو نامێنێت، بەڵام حەقیقی ئەبەدییەو تا کۆتایی دەمێنێتەوە، ((عیشقی مەجازی مەعقوول کە بریتییە لەمەحبەت و خۆشەویستییەکی یەکجار زۆرو مەیل و ویستێکی گرینگ بە هەبوونی کەماڵ و جەماڵ و خێرومەندییەکی پایەبەرزی وەک، ئەخلاقی بەرز مرۆڤ دۆستی))(ڕاوەندی، ٢٠٠٤، ١١٨)، ئەم عیشقە لە نێوان ڕەگەزی (نێرومێ) پەیدادەبێت، بۆ نموونە: عیشقی پیاو بۆ ژنەکەی، یان خۆشەویستی ژن بۆ پیاوەکەی، ئەم عیشقە بە جوانی ماددی و پاڵنەری چێژ پەیوەست نییە، بۆیە سۆفییەکان هەوڵدەدەن ئەم عیشقە بەرەو حەقیقی ببەن، (زۆرجار هەستی خۆشەویستی زۆرمان لا دروست دەبێت، ئەوا ئەو ئافرەتە بەرز دەکەینەوە بۆ پلەیەکی باڵاو پاکی و جۆرە پیرۆزییەک دەدەین بە جوانیەکەی، ئەم جوانیانە دەبەینە ئاستێکی ڕۆحی و بەرزیی کە غەریزە لە بەرامبەریدا نامێنێت، پاشەکشە دەکات و لاواز دەبێت، بۆیەش جوانی جەستە لەبەر چاو ناگیرێت، زیاتر خۆی لە جوانی ڕۆحیدا دەنوێنێت)(موسا، ١٩٤٦، ٦)، ئەمەش کاتێک مرۆڤ دەکەوێتە دۆخێک کە عیشقێکی قووڵ و پاکی هەیە، زیاتر پەیوەندییەکەی لەسەر بنەمای ڕۆحی دەبێت وسەرنجی لای جەستەو چێژی سێکسی دوور دەکەوێتەوە، زیاتر لەلایەنی ڕۆحی نزیکدەبێتەوە لە سەر بنەمایەکی جوان و پیرۆز، بۆیە لە عیشقی ڕۆحی ڕاستەقینە مرۆڤ لەلایەنی غەریزە دوور دەکەوێتەوە بەرەو لایەنی مرۆیی وبەها بەهاڵاکان هەنگاو دەنێت. (تاتانی، ٢٠٢٣، ٣٠)، لەسەر ئەم بنەمایە جوانە مرۆییە، عاریفان لەسەر ئەوە پێدا دەگرن، ((عیشقی مەجازی پردێکە بۆ گەیشتن بە عیشقی حەقیقی))(شوان، ٢٠٢١، ١٣٤)، ئەم عیشقە هەڵگری هەموو بەهایەکی جوانی مرۆڤ دۆستییەو ڕێزو شکۆ کەسایەتی مرۆڤ لەبەرچاو دەگرێت، ئەو عیشقە بۆتە جێی ستایش و لە دەرەوەی باسی شەهوەت دانراوە، تەنها عیشقی ئیلاهی نییە، بەڵکو عیشقی مرۆڤ بۆمرۆڤیش لە هەندێ جۆریدا، شتێکی پاک و شەریفەو لە دەرەوەی باسی شەهوەتەوە ناسێنراوە، دیارە بەشێک لە شاعیرانی سۆفی و عاریف بە ڕێگەی عەشقی مەجازی گوزەریان کردووە، بە نموونە: (حەلاج و ڕابیعەی عەدەوی وخواجە عەبدوڵلای ئەنساری وحافزو مەولانای ڕۆمی ومەلای جزیری وئەحمەدی خانی ونالی...) دیارە نموونەی زیندووی ئەمجۆرە عیشقەش خۆی لەسەرکێشی و

قوربانیدان و گیان فیدایی دەبینێتەوە، (شیرن و فەرهاد)، (لەیلاو مەجنوون)،(مەم وزین)... بە زەقی لەناو ئەدەبی کوردی ڕەنگیانداوەتەوەو بوونەتە کەرەستەیەکی بەکەڵک و ئیستاتیکی بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەدەبی کوردی، عیشقی مەجازی بەسەر دڵ و دەروون کاریگەری هەیە، بیرو هزری مرۆڤ کۆنترۆڵ دەکات، بە تایبەتی عاشق کە زۆر بە قووڵی لەپێناو گەیشتن بە مەعشووق شەیدا دەبێت، بەهۆیەوە هەموو پلەو پایەو کەسایەتی لەدەست دەدات، بۆ نموونە: (شێخی سەنعان) کە گیرۆدەی کچی گاور دەبێت و دەکەوێتە خۆشەویستییەکی قووڵ و زۆر بەتوندی سەرسامی کچی گاور دەبێت، بۆ جوانی مەعشووق دەتوێتەوە، (زولەیخا) زۆر بەتوندی عاشقی پێغەمبەر(یوسف) دەبێت، کە جوانییەکی لە ڕادەبەدەری هەبوو، زولەیخا بەهۆی ئەم عیشقە هەموو سەروەت وسامان و پلەو پایەو کەسایەتی لەپێناو گەیشتن بە مەعشووقەکەی لەدەستدا، لەناو خەڵك شەرمەزاربوو، خۆشەویستییەکەی بۆ مەرامی سێکسی بوو، بەڵام کاتێک بە مەعشووقەکەی دەگات و گەنج دەبێتەوەو عیشقەکەی گۆڕانی بەسەردادێت وعیشقی حەقیقی دەکەوێتەسەر، لە عیشقی زەمینی بەرەو عیشقی حەقیقی بەرزدەبێتەوە، بۆیەش زانایان و عاریفان کۆکن لەسەر ئەوەی بڵێن: (المجاز قنطرة الحقیقة)، لە کۆتاییدا مەجاز دەبێتە پردێک بۆ گەیشتن بە عیشقی حەقیقی، (ئیبن سینا)ش یەکەم کەس بوو ئاماژەی بەو بابەتە داوە، کە مەجاز دەکرێت ببێتە پردێک وڕێگایەک بۆ پەڕینەوە بەرەو عیشقی حەقیقی. (www.islam quest.com).) بۆ نموونەی عیشقی مەجازی، نالی دەڵێت:

**عیشقت کە مەجازی بێ خواهیش مەکە کە ئیللا کچ**
**شیرین کچ و لەیلا کچ و سەلما کچ و عەزرا کچ (مودەڕڕیس، ١٣٨٩، ١٦٢)**

وەفاییش دەڵێت: **لێوەکەی ئاڵت دەڵێن عاشق لە سوتان بەردەدا**
**زەڕڕەیەك نورە بەڵێ ئاگر لە ئینسان بەردەدات (قەرەداغی ونەجاری ١٣٨٩، ٣١)**

**١-٣-٢ : عیشقی حەقیقی :**

عیشقی حەقیقی: لەنێوان مرۆڤ وخوا بەستنی پەیوەندی خۆشەویستییە، خۆشەویستی خوای گەورەیە چێژێکە دەرژێتە ناو دڵی دڵدارانەوە،(( ئەو عیشقەیە کە مرۆڤ حەزو خۆشەویستێکی زۆری هەیە بۆ خوا مەعشوق لەم عیشقەدا خوداوەندە و ئەم من عیشقە بەرزترین و باشترین پلەی کەماڵە بۆ مرۆڤ))(ڕەوەندی، ٢٠٠٤، ١١٨) چونکە خۆی داهێنەری گەردوونەو سەرچاوەی هەموو جوانی و نازو نیعمەتێکە، مرۆڤیش هیچ شتێکی تر ڕەوا نابینێت، لەو باڵاتر عاشقی بێ، دیارە ئەم عیشقەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە: خوا بەندەکانی خۆی خۆش دەوێت، وەک لەم ئایەتە پیرۆزەدا دەردەکەوێت و دەفەرمووێت: ((قل إن كنتم تحبون الله فاتبعوني يحببكم الله) (سورەتی ألعمران، ئایەتی٣١)، ئەوەی شوێن خوای گەورە بکەوێت، خوای گەورەش ئەو کەسەی خۆش دەوێت، ئاشکرایە لەبنەڕەتدا ڕەگوڕیشەی ئەم عیشقە دیارە بۆخوای گەورە دەگەڕێتەوە، وەک پێغەمبەر(د.خ) دەفەرمووێت: ))قلب المؤمن عرش الرحمن)) (المجلسی، ١٩٨٣، ٣٩) واتا: (دڵی مرۆڤی موسڵمان شوێنی خودایە)، (بەپێی ئەم بنەمایەش بێ، دڵی مرۆڤ دەبێ بە عیشقی حەقیقی پڕ بکرێ، چونکە بەهۆی خۆشەویستی و یادی خودا نوری خودا دەرژێتە دڵ و بەم نورەش دڵ ئارام دەبێت، لەبارەی خۆشەویستی خوا، (ئیبراهیم ئەحمەد شوان) دەڵێت: ((ئەم خۆشەویستییە بە ڕێگەی نووری خوایی دەپەڕێتەوە دڵی ڕێبوارەوە، یاخود بەهۆی ئەڤینی مەجازی جا ئەگەر بە ڕێگەی دووەم بوو، پێویستە دڵدار

کپی بکاو سنووری خوا نەبەزێنێ و بیر لە کانگای ڕاستەقینەی جوانی بکاتەوە کە خوایە))(شوان، ٢٠٢١، ٧٩)، ڕوناکی لە ئەدەبیاتی عیرفانی بە واتای جوانی دێت، دەرکەوتنی جوانی خوایە، (چەمکی ڕووناکی یەکێکە لە ناوەکانی خودای گەورەو نیشانەی دەرکەوتنی خودایە لە ناوی (ئەلزاهر) واتە دەرکەوتنی حەقیقەت بوونی حەقیقەت لە دڵی عارف و ڕووناکیەو نەبوونی تاریکییە)(دانیش پژوە، ١٣٩٤، ٦٩)، خۆشەویستی کە دەگاتە پلەی کامڵ بوون، کاردەکاتە سەر مرۆڤ درک بە گەورەی و میهرەبانی مەعشوق دەکات، مرۆڤیش بە چوار شت دەگاتە پلەی کامڵ بوون ئەویش: قسەی باش، کردەوەی باش، ئەخلاق باش، زانست، بەمەش ئەم چەمکە لە عیرفاندا بۆ ئەو کەسە بەکارهاتووە، کە عاشقی خوایە وئاوینەی ئەم عیشقەیە، لە شەریعەت وتەریقەت وحەقیقەدا کاملەو لە قسەو کردارو ڕەوشت و خواناسیدا لە هەمووان زاناتر بێت و بە زانستی خوداو سیفەتەکانی مرۆڤ، لەپێناو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی مەعشوق لە کامڵبووندا بێت. (نادر، ٢٠٢٢ ،٧٦)، ئەوەی وادەکات عیشقی حەقیقی لەناو دڵی عاشق ڕەگ دابکوتێت، زیاتر (بە زوهدو تەسەوف) بەستراوەتەوە، بەهۆی قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەر گەشە دەکات و پەرە دەسێنێت، لە خۆشەویستی ڕاستەقینەشدا بێجگە لەخۆشەویستی مرۆڤ بۆخودا دروستەو ڕەوایە بێ هیچ بەرژەوەندییەک کەسێکی دیندارو خواناس وقورئان خوێن و پاک وڕەوشتبەرز، یان زانایەکی ئایینی و حەقبێژو زانست پەروەرت خۆش بوێت، چونکە خۆشەویستی حەقیقی لەسەر بنەمای خۆشەویستی وڕۆح دروستدەبێت، خۆشەویستیش سەرچاوەی داهێنانە، هەربەهۆی ئەم عیشقە حەقیقییە، ئاگری شەڕو ناکۆکی دەکوژێتەوە، دڵ ودەروون وەک خۆر دەدرەوشێتەوە. (عەبدول فەتاح، ٢٠١٨ ،١٠-١١)، عیشقی حەقیقی چونکە لە دڵەوە هەڵدەقوڵێت وسەرچاوە دەگرێت، دەبێت دڵیش پاک بێت و تەنها لە عیشقی خوا بتوێتەوە، جگە لە عیشقی خوا خۆشەویستی پاکیزەیی ناسراو بە عوزری (العزري) لەناو عەرەب بە ناوی هۆزی (عزرة) کراوە، دیارە لە (فەلسەفەی ئەفلاتون)یش (خۆشەویستی پاکیزەیی) لەسەر بنەمای نیازپاکی چەمکێکە بۆ عیشقی حەقیقی، یانیش دەروازەیەکە بۆی (بەرزنجی، ٢٠٢٢ ،١٤٩) کاتێك مرۆڤ دڵی بە عیشقی خوا دەبەسترێتەوەو یادو زیکری خواش دەبێتە سەرچاوەیەکی بەهێز بۆ عیشقی حەقیقی، کە مرۆڤ بەهۆی یادو زیکری خوا هۆگری ئەم عیشقە دەبێت وزمان لەسەر ئەم زیکرانە ڕادێت، مرۆڤیش بەهۆی خۆشەویستی خوا ئارام و ئاسودە دەبێت وئۆقرەدەگرێت، بۆیە خوای گەورە دەفەرمووێت: ((یاایها الذین امنوا اذکروا الله ذکرا کثیرا))(سوڕەتی الأحزاب، ئایەتی١٢)، دیارە یادو زیکری خواش مرۆڤ نزیک لە مەعشوق دەکاتەوە، بۆیە لە قووڵایی دڵیدا بە شەوق وتەوسەوە ئەم یادە دەکاتەوەو دەیکاتە وێردی سەرزمان، بەمەش زمان لەسەر ئەم یادە ڕادێت، لەمبارەیەوە خوای گەورە دەفەرموێت: ((الا بذکر الله تطمئن القلوب)) (سوڕەتی الرعد، ئایەتی٢٨)، یادی خواش سەرچاوەیەکی بنەڕەتی خۆشەویستییە، مرۆڤیش حەزبە چێژی ئەم حەقیقەتە دەکات، کەلە بەرزترین پلە دایە، یاد کردنەوە لە زاراوەی عاریفان دەرچوونە لە گۆڕەپانی غەفڵەتی و هاتنەناو فەزای بینینە بەزاڵبوونی خۆشەویستی زۆرەوە، گوتوویانە یادکردنەوە سەرمایەی عارفە، بەشی دڵداران و شەربەتی عاشقانە، یادکردنەوە چاکترین خوا پەرستییە، چونکە خوای گەورە دەفەرمووێت ((اذکروني اذکرکم))(سوڕەتی انبیاء، ئایەتی٢٠)، لای پێغەمبەریش بەرزترین و چاکترین کردەوە ئەوەیە لەکاتی مەرگدا زمان خەریکی یادی خودا بێت، بەمەش مرۆڤ بەردەوام لە ڕێگەی زیکری خوا دڵ وزمانی دەکاتە بزوێنەر بۆ گەیشتن بە مەعشووق کەماڵ و جەماڵی ئەم عیشقە. (بەرزنجی، ٢٠٢٢، ١٥٥)، عیشقی حەقیقی بۆ دەربازبوونی مرۆڤ لەگرفت و ئاڵەنگارییەکانی

دنیا ڕێگەیەکەو بۆ گەیشتن بە مەعشوق وێستگەیەکە (عیشق بنچینەو جەوهەری ئاینەکان وعیشقی خوداش چارەسەری گرفتی خێرو شەڕو قەزاو قەدەرە) (بن تەییب، ٢٠٠٨، ٣٠)، مرۆڤ بەهۆی عیشقی حەقیقی دەگاتە خالێک، کە هەموو شتێک بەخوا پێشکەش بکات، چونکە ڕێگەیەکە بۆ ناسینی خوا، بۆیە عاشق گیانی خۆی بە هەرزان دەزانێت و دەبێتە خاک وخۆڵ و لە دەریای بێپایانی خوا دەتوێتەوە، ((گەورەترین هێزی پەیوەندی نێوان خوداو بەندەش عیشقە))(عەبدولفەتاح، ٢١٨ ، ١٩)، عیشق پێگەیەکی گەورەو پانتاییەکی قووڵ و فراوانی هەیە، بۆ دڵ ودەروونی مرۆڤ کاروانی ئاوەدانییە، ((کاری جیهان لەگەڵ عیشق دەسووڕێت، لەبەر ئەوەی ئەزەلی و ئەبەدییە، جگە لەوەی تەجەللای عیشق جیاوازە جیلوەی جۆراوجۆری هەیە)) (فەیزی، ٢٠٢٣، ٣٤٢)، (حەریق) لە نموونەی عیشقی حەقیقی دەڵێت:

**عیشقت کە عیشقی حەقیقی بێ تاڵیب مەبە ئیلا کوڕ**
**هەم حەزرەتی لەولا کوڕو هەم یووسفی والا کوڕ (ئەنیسی، ١٣٦٨، ل١٥١)**
**(صابری)یش هەر لەم بارەیەوە دەڵێت :**
**هەرکەس سەماعی مەدرەسەی عەشقی حەقیقەتی تا نەکا**
**تەرکیی ئەشیا کەی دەکا بێ عەیب و نوقسان و غەلەط (صابری، ٢٠١٧ ل،١٠٠)**

**٢ : کاریگەری نالی بەسەر شاعیرانی کلاسیکی کوردی کرمانجی ناوەڕاست لە بواری عیشقەوە، بەنموونە: (فەنایی، بێدڵ).**

هەر لە ئەدەبی کۆنەوە هەتا ئەدەبی هاوچەرخ، لە نوێترین فۆرمیدا عیشق وەك کەرەستەو بنەمایەکی ئیستاتیکی کاریگەری گەورەی لەسەر شاعیراندا هەبووە، تێڕوانینی شاعیران بۆ عیشق بە گشتی، جا چ بۆ مەبەستی مەجاز، یان حەقیقی بێت، بە زەقی لە دەقەکانیان ڕەنگیداوەتەوە، گرفتی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە بۆ لای نالی[*] دەگەڕێتەوە، لە قەسیدەی (عیشقت کە عیشقی مەجازی بێ خواهیش مەکە ئیللا کچ)، نالی بەهۆی ئەو قەسیدەیەوە، کاری کردووەتە سەر شاعیران، وەک:( فەنایی، بێدڵ)، ئەگەرچی کاریگەرییەکە زۆر بەزەقی بەسەر شاعیراندا دیارە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەو شاعیرانە توانیویانە سیماو شێوازو شوێنپەنجەی خۆیان لە دەقە شیعرییەکانیان دەربخەن، کاریگەرییەکەش لە شاعیرێک بۆ شاعیرێکی تر جیاوازە، هەر یەک لەم شاعیرانەش دیدو بۆچوونی خۆی لە ڕووی ڕوخسارو ناوەڕۆکەوە بە شێوازێکی جیا خستووەتەڕوو، کە جوینەوەی دەقاودەق و هەمانشت نییە، ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین بەراوردیان بکەین و لایەنی لێکچوو جیاوازی دەقەکان بخەینە ڕوو، هەمووشیان لەژێر تارمایی شیعرەکەی نالی نووسراون، جەوهەری ئەم مەسەلەیەش، نالی دژی ئەوینی نێر (نێربازی) لایەنگری کچی کردووە، سوودوەرگرتنیش لە هەر دەقێکی ئەدەبی بەکارێکی سوودبەخش دادەنرێت، بە مەرجێک لە چوارچێوەی لاساییەکی وشك و دووبارە نەبێت، ئەگەرچی حەریق سوودی لە نالی وەرگرتووە، بەڵام کاریگەرییەکە پێچەوانەیە، ئەم تەوەرەی ئێمە لقێکە لە ڕەخنەی ئەدەبی، زۆرجاریش بەهۆی کاریگەری ئەدەبی داهێنان دێتە ئاراوە، بەراوردی ئەدەبیش لە سادەترین پێناسەیدا بریتییە لە: (بڕیاردان لەسەر لێک چوون و جیاوازییەکانی نێوان دوو کتێب، یان دوو دیمەن، یان دوو بابەت، یان دوو لاپەڕە)(تیجیم، ١٩٤٦، ص٢٠) جا کاریگەرییەکە دەقئاوێزان، یان لاسایی ئەدەبی، یان هاوسەنگی ئەدەبی بێت، لە بازنەی ئەدەبی نەتەوەیی، یان دەرەکی بێت، بەراوردی ئەدەبیش لەسەر بنەمای کارتێکردن دروستدەبێت، (( لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبی بەراوردکاری- بەپێی پێناسە ئەمریکییەکەی لەوانەیە

هەر لێكۆڵینەوە یەك كە لە نێوان ئەدەب و هونەرەكانی دیكەدا دەستی داوەتە بەراوردكردن))(ڕەحیمی، ٢٠١١، ٢٩)، بۆیە لێرەدا تەنها كارتێكرن و كاریگەری نالی بەسەر شاعیرانی دیكە لە بابەتی عیشقی حەقیقی و مەجازی پیشان دەدەین، لەم بارەیەوە شاعیرو نووسەری ئەڵمانی (گۆتێ) دەڵێت: (هەموو ئەدەبێك ئەگەر تەنیا لەنێو خۆیدا هەناسە بدات، بەرەو تەنگەتاوی و كۆتایی دەچێت، ئەگەر بێت و هەناسەی ئەدەبێكی دیكە بۆ داهێنان هەڵ نەكێشێت)(هیلال،١٩٨٧، ١١٠)، ئەم قسەیەی (گۆتێ) زانستی و لۆژیكییە، چونكە كاریگەری بۆداهێنان زەمینەخۆشكەرە، بەڵام لای (حەریق) كاریگەرییەكە پێچەوانە دەبێتەوە، چونكە دەبێتەهۆی ئەفراندنی دەقێكی ئەدەبی نوێ و جیاواز، (ئەدەب) لەژێر كاریگەری قەسیدەكەی (نالی)، قەسیدەیەكی دیكەو بەشێوازی خۆی بەرهەم دەهێنێت، كە هەناسەی ئەدەبی بەسەرەوەیە، لای (قانیع) گڕوتینی كاریگەرییەكە كەمتر دەبێتەوە، قانیع لەسەر هەمان بیرۆكەی نالی شیعرەكەی بنیات دەنێت و وەك نالی ئەوینی كچ لە دژی نێربازی پەسەند دەكات .

**٢-١ : كاریگەری نالی بەسەر (فەنایی) شاعیردا دا:**

فەنایی وەكو شاعیرانی دیكە بەزەقی كەوتۆتە ژێر كارگەری نالی وسودی لە بیرۆكەكەی نالی وەر گرتووە، كە شێوازی فەنایی بەسەرەوە دیارە، شاعیر وەك حەریق بیرۆكەكەی نالی پێچەوانە كردووەتەوە، كاریگەرییەكە پێچەوانەیە و عیشقی مەجازی ڕەتكردووەتەوە، فەنایی لایەنگری حەریق دەكات و عیشقی حەقیقی پەسەند كردووەو پرۆژەكەی نالی بە دیاردەیەكی دزێو و ناشیرین لە قەڵەم داوە، فەنایی بە زەقیش كەوتۆتە ژێر كاریگەری حەریق؛ بۆیە لەسەر هەمان ئاراستەی حەریق هەنگاوی ناوەو كوڕی بەباش زانیوە، فەنایی لە دیوانەكەی و لە قەسیدەی: (عەشقی دڵداری ئەلەست)دا دەڵێت: (( (نالی) لە غەزەلێكا مەبەستی خۆی بە لایەنگری لە (كچ) دەربڕیوە و(حەریق)یش كە چاوی پێكەوتووە بە لایەنگری لە (كوڕ) ڕەخنەی لەوگرتووە، منیش كە ئەمەم چاو پێكەوت كت وپڕ ئەم غەزەلەم بە خەیاڵا هات ونووسیم)) (مصطفى، ٢٠٠٦، ١٩٨)، بەڵام ئەگەر بووردی سەرنج بدەین، لەپاش بەراوردكرنی دەقە شیعرییەكان لەگەڵ یەكتر بۆمان دەركەوت؛ گڕوتینی كاریگەری یەكەی نالی بەسەر فەنایی بەراورد بە شاعیرانی دیكە لە لایەنی ڕووخسارو ناوەڕۆك كەمترە.

**٢-١-١ : لایەنی ڕووخسار:**

فەنایی بۆ بیناكردنی قەسیدەكەی پەنای بۆ كێشی (هەزەجی ئەخرەبی مەكفووفی مەحزووف) بردووە، وەك دەڵێت:

**ڕەحمەت لە حەریق نالی كە فەرمووی چی یە ناڵی**
**بێهودە بە زوڵفی كەچی كچ شیفتە حاڵی** (مصطفى، ٢٠٠٦، ١٩٨)

-- ب/ ب-- ب/ -- ب/ -- ب -- x 2

مفعول مفاعیلن مفاعیلن فعولن x 2

نالی لەم دێرەدا پاش سەروای كچی بەكارهێناوە، كەچی فەنایی دەنگی (ڵ) بۆ بنیاتی قەسیدەكەی بەكارهێناوە، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە، كە: فەنایی خۆی لەلاسایی وجوینەوەیەكی وشك پاراستووەو بەتەواوی لە نالی و حەریق جیاوازە، وەك نالی دەڵێت:

**عیشقت كە مەجازی بێ، خواهیش مەكە ئیلا كچ**
**شیرین كچ و ،لەیلا كچ و، سەلما كچ و، عەزرا كچ** (مودەڕڕیس، ١٣٨٩، ١٦٢)

فەنایی: **ڕەحمەت لە حەریق نالی کە فەرمووی چی یە ناڵی**
**بێهوودە بە زولفی کەچی کچ شیفتە حاڵی (مصطفى، ٢٠٠٦، ١٩٨)**

فەنایی پێچەوانەی شاعیرانی دیکە کەمترین جار وشەی (کوڕو کچ)ی بەکارهێناوە، لەناو قەسیدەکەی (٣)جار وشەی کوڕو (٤) جار وشەی کچی بەکارهێناوە، قەسیدەکەی نالی لە (١٧) بەیتە شیعر پێکهاتووە، کەچی قەسیدەکەی فەنایی لە (٢٣) بەیتە شیعر پێکهاتووە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە : فەنایی کەمتر کەوتۆتە ژێر کاریگەری نالی.

**٢-١-٢ : لە ڕووی ناوەڕۆکەوە:**

فەنایی بە ئاشکرا کەوتووەتە ژێر کاریگەری نالی و قەسیدەکەی: (عەشقی دڵداری ئەلەست) لەژێر کاریگەری نالی و حەریق بنیاتناوەو بیرۆکەکەی نالی پێچەوانە کردووەتەوە، وەکو حەریق ڕەخنە لە نالی دەگرێت، کچ لای نالی ناسك و جوانە و بۆ عیشق و خۆشەویستی شیاوە، ئەم بیرۆکەیە لای فەنایی ڕەتکراوەتەوەو پێچەوانەی کردووەتەوە، چونکە فەنایی پێی وایە: کچ دەبێتەهۆی شەرمەزاری و کۆسپ لەبەردەم عیشقی حەقیقی شکۆو کەسایەتی مرۆڤ لەکەدار دەکات، وەك دەڵێت:

**هەر کەسێ بە خەیاڵ وهەدەفی عیشقەوە ڕووکا**
**لەو لوعبەتە شێواوە هەموو فەزڵ وکەماڵی (مصطفى، ٢٠٠٦، ١٩٨)**

نالی جەختی کردووەتەوە، بۆ عیشق و خۆشەویستی دونیا یەك دەرگای هەیە، لە نێوان کوڕو کچدا ، ئەویش عیشقی مەجازە، کە ئادەم کوڕەو حەوا کچە، لەوە بترازێت، شتێکی دیکە نییە شایانی عیشق بێت، وەك دەڵێت:

**بابێکی هەیە دنیا بۆ عەشقی مەجازی، بەس**
**نالی چییە ئەو بابە: ئادەم کوڕ وحەوا کچ (مودەڕڕیس، ١٣٨٩، ١٦٧)**

بەڵام فەنایی بۆچوونی جیاوازە وپێچەوانەی نالی پێی وایە: عیشقی مەجازی هیچ چێژو خۆشی تێدا نییە، تەنها دڵ وڕۆح سەرقاڵ دەکات و سەرخۆشی دەکات، مەجاز خۆشییەکی کاتییە، بەڵام حەقیقی لە خراپترین بارودۆخیدا لە عیشقی مەجازی باشترە، چێژو خۆشییەکەشی ئەبەدییە، وەك دەڵێت:

**لای ئەهلی بەصیرەت نییە لە مەجازا**
**سەرخۆشی سەفای ڕۆحە دڵ جازیی حاڵی (مصطفى، ٢٠٠٦، ١٩٨)**

**٢-٢ : کاریگەری نالی بەسەر (بێدڵ) ی شاعیردا:**

بێدڵ یەکێکی دیکەیە لەو شاعیرانەی زۆر بەزەقی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی نالی، شیعرەکانی نالی بەگشتی بەسەر بێدڵی شاعیر کاردانەوەی گەورەو گرنگیان هەبووە، لەم کارتێکردنە نکۆڵی نەکردووە، نالی بووەتە هەوێنی لەدایکبوونی شیعر لای بێدڵ، گەرچی بێدڵ لاسایی نالی کردۆتەوە، بەڵام ئەمەش واتای ئەوە نییە کە: بێدڵ نەیتوانیبێت خۆی لە بازنەی لاسایی دەرباز کرد بێت، بەپێچەوانەوە شیعرەکەی نالی کردۆتە ئامرازێکی ئیستاتیکی ئەوتۆ کە نەفەسی خۆی پێوە دیاربێت، ئێمەش لەم لیکۆڵینەوەیە لەسەر ئەم بنەمایە لە بەرهەمی هەردوو شاعیر دەکۆڵینەوە، بەپێی میتۆدی بەراورکاری وبنەما ڕەخنەییەکان لەسەر دەق شیعری هەردوو شاعیر جیاوازی ولێکچوون و کاریگەرییەکە باس دەکەین، ئەگەر هەر لە نازناوی شاعیر ورد بینەوە، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە: بێدڵ ئەو نازناوەی لە بەیتێکی نالی وەرگرتووە، کە زۆر شەیدای شیعری نالی بووە، بۆ نموونە نالی دەڵێت:

**عاشقی بێدڵ دەناڵی، مەیلی گریانی هەیە**
**بێ شکە هەورە تریشقە تاوی بارانی هەیە (مودەڕڕیس، ١٣٨٩، ٥٧٨)**

(د. مارف خەزنەدار) لەبارەی نازناوی بێدڵ دەڵێت:((گومانم لەوەدا نییە مەلا عەبدوڵلای مەلا محەمەد ئیلهامی هەڵبژاردنی نازناوی شیعری خۆی لەم دێرەی نالی وەرگرتووە. تەنیا ئەمە بەڵگەی نزیکی بێدڵ نییە لە شاعیرێکی گەورەی وەکو نالی، بەڵکو زۆربەی شیعرە عەرووزییەکانی هەناسەی نالی یان پێوە دیارە))(بێدڵ، ١٩٩٩، ٥) ئەم بۆچوونەی (د. مارف) زەمینە خۆشکەرەو بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە، بۆ قووڵبوونەوەو ساغکردنەوەی دەقە شیعرییەکە بەپێی بنەمایەکی زانستی زیاتر هانمان دەدات، ((بێدڵ غەزەلێکی بۆ (کوڕو کچ) نووسیوە، ڕەنگدانەوەو لێکدانەوەی غەزەلەکەی نالییە))(بێدڵ، ١٩٩٩، ٦)، ئەگەر هەردوو شیعرەکەی شاعیران (نالی و بێدڵ) بخەینە تەرازووی بەراوردی ئەدەبی ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە بێدڵ غەزەلی (کوڕو کچ) ی لەژێر کاریگەریی قەسیدەی (عیشقت کە مەجازی بێ)ی نالی نووسیوە، ((لە هەموو شاعیرە کلاسیکییەکان زێتر حەزی لەشیعری نالی کردووەو کەوتووەتەژێر کاریگەرێتی شیعری ئەم شاعیرە بەرزە)) (بێدڵ، ١٩٩٩، ١١) ئەوەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت، کە بێدڵ تارمایی شیعری: (عیشقت کە مەجازی بێ)ی نالی بە سەرەوەیە، بەڵام دەکرێت بەهۆی هاتنە پێشەوەی وەرگرتن و دەقئاوێزان خوێندنەوە یەکی دیکەی بۆ بکرێت، کاریگەری و کارتێکردن بە بۆچوونی (جولیا کریستیڤا) (پرۆسەی دەقئاوێزان بریتییە: لەوەی دەق ئامادەی دابەشکاری و ڕووخاندن، یان بونیادنانی دەقی هاوچەرخ، یان دەقەکانی پێش خۆیەتی، دەقی ئەدەبی دیاردەیەکی لا تەریک و گۆشەگیر نییە، بەڵکو کەشکۆڵێکە لە وتەکان و گشت دەقێک پێ لە گواستنەوەو هەڵمژین و تێکەڵبوون لەگەڵ کۆمەڵێک دەقی دیکەدا) (بوجمعة، ٢٠١٥، ص٢٧)، ئەگەرچی شیعرەکەی بێدڵ لەئاست شیعرەکەی نالی وشاعیرانی دیکە لە ئاستێکی ئەوتۆی هونەری وئیستاتیکی بەرز نییە، بەڵام جیهانبینیەکی تایبەت و سەربەخۆی هەیە، تاڕادەیەک خۆی لە وەرگرتنی دەقا ودەق بەدوور گرتووە، شیعرەکەش لەڕووی جوانکاری نرخ وبەهای خۆی هەیە، لە ئاستی داهێنانی دەقیش خاڵی نییە، لە نێوان شیعری: (عیشقت کە مەجازی بێ)ی نالی و (کوڕو کچ)ی (بێدڵ) لەڕووی ڕوخسارو ناوەڕۆک بەراورد دەکەین.

**٢-٢-١ : لە ڕووی ڕوخسارەوە :**

قەسیدەکەی نالی لەسەر کێشی (هەزەجی هەشتی ئەخرەب)ەو بەم شێوەیە هۆنراوەتەوەو دابەشکراوە، نالی دەڵێت:

**عیشقت کە مەجازی بێ خواهیش مەبە ئیللا کچ**
**شیرین کچ و لەیلا کچ و سەلما کچ و عەزرا کچ (مودەڕڕیس، ١٣٨٩، ١٦٢)**

- - ب/ ب - - -/ - - ب/ ب - - - x 2

مفعول مفاعیلن مفعول مفاعیلن x 2

بێدڵیش غەزەلەکەی لەسەر هەمان کێشی (هەزەجی هەشتی ئەخرەب)داناوە، کە بڕگەو پێیەکانی بەم شێوەیە دابەش کردووە، وەك دەڵێت:

**گەر تالبی دڵداری بۆ شادی و خەمباری**
**بۆکاتی و یەکجاری وەک باغی گوڵانم کچ (بێدڵ، ١٩٩٩، ٥٦)**

- - ب/ ب - - -/ - - ب/ ب - - - x 2

مفعول مفاعیلن مفعول مفاعیلن x 2



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

نالی لەبەیتی یەکەم تا کۆتا بەیتی قەسیدەکە پاش سەر وای (کچ)ی بەکارهێناوە، وەك دەڵێت:

**عیشقت کە مەجازی بێ خواهیش مەبە ئیللا کچ**
**شیرین کچ و لەیلا کچ و سەلما کچ و عەزرا کچ (مودەڕڕیس، ١٣٨٩، ١٦٢)**

بێدڵ لاسایی نالی کردۆتەوە، لەسەرەتای بەیتی یەکەم تاکۆتا بەیت هەمان پاش سەرِوای(کچ)ی بۆ غەزەلەکەی بەکار هێناوە، ئەمە لێکچوونەش بەئاشکرا دیارە، کە بێدڵ ئەم کارەی بە ئاگایی ئەنجام داوە، واتە شاعیر سوودی لەقەسیدەکەی نالی بۆبنیاتی دەقە شیعرییەکەی وەرگرتووە، وەک دەڵێت:

**گەر تالبی دڵداری بۆ شادی و خەمباری**
**بۆ کاتی و یەکجاری وەک باغی گوڵانم کچ (بێدڵ، ١٩٩٩، ٥٦)**

بەشێوەیەکی گشتی قەسیدەکەی نالی لە (١٧) بەیتەشیعر پێکهاتووە، بەڵام غەزەلەکەی بێدڵ لە (٦) بەیتەشیعر پێک هاتووە، نالی (٢٧)جار وشەی کچ و(١٤)جار وشەی کوڕی بەکارهێناوە، کەچی بێدڵ(١١)جار وشەی کچ و(٥)جار وشەی کوڕی بەکارهێناوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە: سەرباری ئەوەی بێدڵ سوودی لە نالی وەرگرتووە، بەڵام بیرۆکەی خۆشی تێ ئاخنیوەو کاریگەرییەکە لەچاو شاعیرانی دیکە بەهۆی کەمی ژمارەی بەیتە شیعرەکانی کەمترە.

**٢-٢-٢ : لە ڕووی ناوەڕۆکەوە:**

هەردوو شیعرەکە واتا: قەسیدەکەی نالی و غەزەلەکەی بێدڵ لەسەر هەمان بابەت نووسراون؛ کە عیشق و دڵدارییە، بەڵام بە فۆرمی جیاواز لەیەکتری، لە بیرۆکەدا هەمان شتن و هەردووکیان عیشقی مەجازی پەسەند دەکەن و پشتگیری ئەوینی کچ دەکەن، کچ بۆ بەزمی شەوان و چێژوخۆشی سێکسی هەڵدەبژێرن، هەر لە بەیتی یەکەمدا بێدڵ لاسایی نالی دەکاتەوەو دەڵێت:

**گەر تالبی دڵداری بۆ شادی و خەمباری**
**بۆ کاتی یەکجاری وەک باغی گوڵانم کچ (بێدڵ، ١٩٩٩، ٥٦)**

نالی دەڵێت: **یشقت کە مەجازی بێ، خواهیش مەکە ئیللا کچ**
**شیرین کچ و، لەیلا کچ و، سەلما کچ و، عەزرا کچ (مودەڕڕیس،١٣٨٩، ١٦٢)**

لێکچوونەکە لەبەیتی یەکەمدا بەئاشکرا دیارە، (گەر تاڵبی دڵداری) کە لە بەیتی یەکەمی نالی (خواهیش مەکە ئیللا کچ)ی وەرگرتووە، لە بەیتی دووەم بێدڵ سوودی لەشیعرەکەی نالی وەر گرتووە، شوێن پێی نالی هەنگاوی ناوە، بەڵام وەرگرتنەکە دەقاودەق نییە، بۆ نموونە نالی دەڵێت:

**کوڕ زیبی دەبوستانە کچ شەمعی شەبوستانە**
**بۆ بەزمی تەماشا کوڕ، بۆ خەڵوەتی تەنها کچ (مودەڕڕیس، ١٣٨٩، ١٦٤)**

بێدڵ دەڵێت: **کوڕ شێرە لە مەیدانا کچ جەننەتی یەزدانە**
**ئامادەیی سەیرانە بۆ کاتی خەوانم کچ (بێدڵ، ١٩٩٩، ١٥٦)**

لێکچوونەکە لەنێوان(بۆ خەڵوەتی تەنها کچ)،(بۆ کاتی خەوانم کچ)دایە، هەمان بیرۆکەی لە نالییە.

بێدڵ چاوی لەنالی کردووە، بەڵام دەقێکی دیکەی جیاوازی بەرهەمهێناوە، ئەگەرچی بەزەق هەست بەتینی کاریگەرییەکە دەکرێت، بەڵام وەرگرتنێکی دەقاودەق نییە، تەنها سوودی لە تێرمەکەی نالی وەرگرتووە، چونکە نالی کوڕی بە بەرگری وئازایەتی چواندووە، (بۆ سەوڵەتی ئەعدا کوڕ)، بێدڵیش هەمان شتی لەفۆرمێکی دیکەدا دووبارە کردۆتەوە، (کوڕ مەردە لە مەیدانە)، وەک نالی دەڵێت:

**جەزلی سەمەرو سایە بۆ سەوڵەتی ئەعدا کوڕ**
**نەخلی سەمەرو مایە بۆ دەوڵەتی دونیا کچ (مودەڕڕیس، ١٣٨٩، ١٦٤)**

بێدڵ دەڵێت:

**کوڕ مەردە لە مەیدانە، کچ ئاسکی بیابانە**
**غەم لابەری لاوانە ئارامی دڵانم کچ (بێدڵ، ١٩٩٩، ٥٦)**

**٢-٣ : تێڕوانینی فەنایی بۆ عیشق:**

فەنایی تێڕوانینی خۆی دەربارەی عەشق خستۆتەڕوو، کە بە ئاشکرا لایەنگری کوڕ دەکات، لەسەر هەمان بیرۆکەی حەریق، ڕەخنە لە نالی دەگرێت و لەژێر تارمایی هزری حەریق لایەنگری عیشقی حەقیقی دەکات و عیشقی مەجازی ڕەت دەکاتەوە، لە دیوانەکەی خۆی ئاماژەی پێکردووەو ئەم بۆچوونەی خۆی پێش قەسیدەکە داناوە، لەم حاڵەتەدا تێڕوانین و دنیابینی خۆی خستووەتەڕوو، ئەگەرچی لەسەر هەمان ئاراستەی شاعیرانی پێشخۆی هەنگاوی ناوە، بەڵام تاڕادەیەک هەست بەبۆن و بەرامەی فەنایی دەکرێت و شێوازو تەکنیکی و ڕەسەنایەتی فەنایانەی لەلایەنی ڕوخسار هەم لەلایەنی ناوەڕۆک پێوە دیارە، چونکە کەمتر وشەی کوڕو کچی بەکارهێناوە، فەنایی وەک عاریفێک دەیەوێت؛ بگاتە قۆناغی خواناسی و تەسەوف ومەعریفەی ئایینی کە لە چوارچێوەی عیشقی حەقیقی ڕەنگیداوەتەوە، بۆیەش لەسەر بنامایەکی هزری ئایینی و خوداناسی تێڕوانینەکەی ئاشکرا کردووە، فەنایی لەڕێگەی بیروباوەڕە ئایینیەکەی هەوڵیداوە، لە کوشتنی نەفس و خۆ گرتنەوە لە خۆشییەکانی دنیا قوربانی بە گیانی خۆی بدات، ژیانی بە کۆشش و وەرزشی ڕۆحی تاقەت پڕوکێن بە ڕێکردووە، پشتی کردۆتە چێژی دنیاو تامەزرۆیی دیداری مەعشووقی ڕاستەقینە سەراپای ژیانی فەنایی تەنیوە، چێژی خۆشەویستی ڕاستەقینە لای فەنایی دڵی بە عیشقی حەقیقی گرێداوە، لە ڕێگەی مەعریفەت بەرەو ئەم عیشقە هەڵکشاوە، چونکە ناکرێت مرۆڤی خاوەن مەعریفەت بەو هەموو زانست و ئەدەبەی لە خۆشەویستییەکی حەقیقی غافڵ بێت، پێیوایە: وەکو عاریفە گەورەکان دەبێت بۆ توانەوە لە عیشقی حەقیقیدا دڵ تەرخان بکرێت، فەنایی بەزانستی خوا زانایەو ئاوێتەی عیشقی حەقیقی یە، بۆیەش دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم زانستە بگاتە لوتکەی شەریعەت، بەمەش دەیەوێت بەهۆی بوونی سیفەتی مرۆڤی کەماڵ ڕەزامەندی مەعشووق بەدەستبهێنێت، ئەمەش تەنها بەڕێگەی خۆشەویستییەکی ڕاستەقینەی ئەبەدی بەدی دێت، بۆیە فەنایی بەپێی میتۆدو بەرنامەی سۆفیگەری هەوڵی بەدەستهێنانی ئەم عیشقەی داوە، عیرفان لای فەنایی، تێڕوانینێکی فەلسەفی یە، لە ئەنجامی وردبوونەوەیەکی قووڵی ئایینی و خوداناسی هاتۆتەکایەوە، کە پشت بەعەقڵ و لۆژیک و بەڵگەی هزری واقیعی دەبەستێت،

هەر لە بەیتی یەکەمدا بەتوندی عیشقی زەمینی ڕەت دەکاتەوە، لایەنگری خۆی بۆ عیشقی حەقیقی پیشاندەدات و ڕەخنەی توند لە نالی دەگرێت و پشتیوانی لە حەریق دەکات، کە دەڵێت: ڕەحمەت لە حەریق، نالی چییە ئەم عیشقە مەجازە بێ سوودو پووچە؟ گیرۆدەبووی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بە زوڵفی ناشیرینی کچ، حەریق پێیوایە: عیشقی کچ ڕاستەقینە نییەو ساختەو بێ کەڵکە، کەسایەتی نالیش بۆ ئەوە ناگونجێت، بکەوێتە داوی عیشقی کچێک، حەریق و فەنایی لە ڕوانگەیەکی ناشیرین دوور لەهەموو بەهایەکی مرۆیی سەیری کچیان کردووەو لە ئاستێکی نزم کچیان پیشانداوە، ئەم وێنەیە لای نالی کەمترە، چونکە نالی لەژێر هەژموونی دەوڵەمەندی مەعریفی کچی وەک بەشێکی سەرەکی مرۆڤایەتی سەیرکردووەو تەواوکەری مرۆڤایەتییەو ناکرێت فەرامۆش بکرێت، بۆیە هەوڵیداوە، کچ هەڵبژێرێت، چونکە جوانەو شایانی ئەو پێداهەڵگوتنەیە، بەڵام فەنایی بەهۆی پاشخانی ئایینی وکاریگەری حەریق ئەم عیشقەی پەسەند نەکردووە، وەک دەڵێت:

**ڕەحمەت لە حەریق نالی کە فەرمووی چی یە نالی**
**بێهودە بە زولفی کەچی کچ شیفتە حاڵی (مصطفی، ٢٠٠٦، ١٩٨)**

فەنایی بەسوود وەرگرتن لە بەرهەمی شاعیرانی دیکە، ڕەهەندە ئیستاتیکییەکانی دەقە شیعرییەکەی بنیادناوە، سەرلەبەری قەسیدەکەی بەکۆی شرۆڤەکاری دەقە شیعرییەکەی، عیشقی مەجازی قبووڵ نییەو پێیوایە: ناکرێت کەسێک خاوەنی زانست و ڕەوشت و ئایین و پاشخانی مەعریفە بێت، هێندە نەزان بێت و دڵ بە عیشقێکی پووچ ببەخشێت، کە دڵێکە لە عیشقی ڕاستەقینە غافڵ و بەتاڵە، ئەوەی شایانی عیشقە خوایە، نەک کچ، وەک دەڵێت:

**بۆ خاوەنی عیلم و ئەدەبی دین و فەراسەت**
**کەی لایەقە دڵ دا بە دڵی غافڵ وخاڵی (مصطفی ، ٢٠٠٦، ١٩٨)**

هەروەها وەک ئیمامی غەزالی بە عیشقی خوا هۆگر بووەو پێیوایە: هەر عیشقێکی ڕاستەقینە هۆگری تێدا نەبێت، ئەوە عیشقی ڕاستەقینە نییە، چونکە لە نیعمەت و چێژی خەڵوەت خاڵییە، لای فەنایی کاتێک عیشقی ڕاستەقینە دروست دەبێت، کە چنگی لە حەق گیربکات و دڵیش ئەو دڵەیە گیرۆدەی خۆشەویستی ئەلەست بێت، (ئەلەست) واتا: خوا، خوای گەورە دەفەرموویت: ((اَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ)) (سورەتی الاعراف، ئایەتی:١٧٢)، واتا: ((ئایا من پەروەردگاری ئێوە نیم؟)) (تەفسیری ڕێبەر)، پێویستە دڵ بۆ عیشقی ئەبەدی وەک مەولەوی و مەحوی و ئەمسالی غەزالی تەرخان بکرێت، کە دەڵێت:

**دڵ ئەو دڵەیە عاشقی دڵداری ئەلەستە**
**وەک مەولەوی یو مەحوی یو ئەمسالی غەزالی (مصطفی، ٢٠٠٦، ١٩٨)**

فەنایی خۆی لە بازنەی سواوو جوینەوە دەربازکردووەو هەناسەی فەنایی بەسەر دەقە شیعریەکە دیارە، ئەم ڕاستییە ئەوە مان بۆ دەسەلمێنێت کە: فەنایی شاعیرێکی کارامەو شارەزا بووەو خاوەنی شێوازی ڕەسەنە، لای فەناییش حەقیقەت ئەوە نییە کە تەنها دەیزانێت، بەڵکو بەهۆی چێژی ئەم عیشقە هەستی پێدەکرێت. بۆیەش گەردوون لای ئەو وەکو قوتابخانەی لێ دێت، پێویستە ڕێبوار لەوێ فێری ئادابەکانی عیشق بێت، جا هەر کەسەو خەیاڵێکی هەیە، چ خۆشی بێ، یان تاڵی، لە جیهانی تەسەوف پێیانوایە: عیشقی حەقیقی شیرینیەکە دەرژێتە دڵی ئیماندار، بۆیە مرۆڤ کە دڵی بە عیشقی خودا گرێدا، ئیتر خەیاڵی گەیشتن و ماندووبوون و خەڵوەت و خوداپەرستی ژیانی سەراپا دەبێتە شیرینی وخۆشی، وەك دەڵێت:

**ئەم کەونە بەڵێ مەدرەسەی عەشقە بە ڕاسی**
**هەر کەس بە خەیاڵێکە چ خۆشی بێ چ تاڵی (مصطفی، ٢٠٠٦، ١٩٩)**

شاعیر بەهۆی پاشخانە ئایینیەکەی و ترسی لەخودا دەچێتەناو جیهانی عیرفان و بانگەشە بۆ عیشقی حەقیقی دەکات، وێنەی جیهانە تایبەتییەکەی خۆی پیشانداوە، تا ڕەسەنایەتی خۆی

بپارێزێت، بەهۆی شێوازو ڕێبازەکەی کە کاری پێکردووە، فەنایی زیاتر داکۆکی لە ئەوینەکەی بۆخوا کردووەو پارێزگاری لێکردووە، پێیوایە: عیشق بەهەر جۆرێک بێت ولەهەر بارودۆخێک بێت وا باشترە، بە شێوازێکی پاک و بێگەرد بۆ عیشقێکی ڕاستەقینە بێت، وەك دەڵێت:

**بەو حاڵەش ئەگەر عەشقی حەقیقی بە حەقیقەت**
**بڕواتە سەرباری حەقیقەت بە زوڵاڵی (مصطفى، ٢٠٠٦، ١٩٩)**

فەنایی دێتەسەر بۆچوونی زانایانی ئایینی و دەروونناسان، کە دژی ئەوینی مەجازی پەنجە لەسەر گرێی سەرەکی مەسەلەکە دادەنێن؛ چونکە ئەوینی مەجازی بەهۆی هەست سۆزی شەهوانی بۆ چێژی سێکس دەبێتە ڕێگر لەبەردەم عیشقی حەقیقی وسەرچاوەی خۆشەویستی دڵ لێڵ دەکات، دەگاتە پلەیەک ڕەنگە ئەگەر دڵ وحاڵی عاشق بگۆڕێت وبەرەو ئاقارێك بڕوات، شێت بێت و ئاگای لەخوا نەمێنێت و عیشقی حەقیقی فەرامۆش بکات، واتە ئەوینی مەجازی ڕەتدەکاتەوەو قبووڵی ناکات، وەك دەڵێت:

**هەر چاکە بولهەوەسی لێڵی نەکا لێ**
**تا ئەو پلەی تەی کات و بگۆڕێ دڵ و حاڵی (مصطفى، ٢٠٠٦، ١٩٩)**

بنچینەی ڕەخنەی ئەدەبی کۆن زیاتر لە شیعر پێکدێت، وەکو ڕاستییەکی پرشنگدار دیارە، ((لەسەرەتای پلەی شیعر گوتندا، شاعیرەکان بەرهەمی یەکتریان بە ستایش یان زەمکردن هەڵدەسەنگاندو پێوانە لە حوکمدان بەسەر چاک وخراپی شیعرێک، یان چەند دێرێک بەپێی چێژی شاعیرەکەو جۆری نەریت و پێوانەکانی هەڵسەنگاندنی شیعری ئەو سەردەمە بووە لە کێش و لە سەروادا))(ئامێدی، ٢٠٠٣، ٣٣)، دەربڕینەکانی فەنایی زیاتر لە ئاراستەی کۆڕی ئەدەبی و دیوەخان و بۆنە ئایینیەکان و حوجرەی فەقێیەکان و مزگەوت و خانەقاکان ڕەنگیداوەتەوە، دەربڕینەکان هەمان بیرۆکەی حەریقن وسنووری حەریقیان نەبڕیوە، لە کۆی قەسیدەکە بۆمان دەردەکەوێت: هەوڵیداوە عیشقی مەجازی بە ناشیرین وخراپ پیشان بدات و ئەم عیشقە بە کاری شەیتانی و جنۆکەی وێناکردووە، پێیوایە: عیشق جیهانی جنۆکەیەو دەلاڵێکە بۆ عیشق، مەعشووق کە جێی سەرنج و تێڕوانینە، بووە بە جێگای ستایشی ئەم دەلاڵە؛ کە بۆ عاشق دەیرازێنێتەوە، وەکو دەڵێت:

**ئەم عالەمی ئەشباحە دەلاڵێکە لە بۆ عەشق**
**مەعشووقە کە مەنظوورە کە بوو بۆچی دەلاڵی (مصطفى، ٢٠٠٦، ٢٠٠)**

فەنایی زیاتر بەدەوری حەریقدا سوڕاوەتەوەو ناوەڕۆکی دەقە شیعرەکەی ئەوەمان بۆ دەردەخات، چونکە ڕەزامەندی داهێنان و لاساییکردنەوەی باسەکە لە سیاقی دەقەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەو قسەیەشمان بێبنەماو لەخۆوە نییە، بەپێی پێوانە ڕەخنەییەکان ئەم ڕاستییەمان دەرخستووە، بەپێی بەراوردی ئەدەبی لە نێوان هەردوو دەقی فەنایی و حەریق بەئاشکرا هەست بە تارمایی لاساییکردنەوە دەکرێت و نکۆڵی لێ ناکرێت، کە ئاوی شیعری حەریقی خواردۆتەوەو بە بەرگی مانا و دەلالەتەکانی حەریق خۆی داپۆشیوە، سەبارەت ڕەخنە گرتنەکەشیان لە نالی زیاتر ئایدیایێکی ئایینی پەنگی خواردۆتەوە، لایەنە ئەدەبیەکەیان فەرامۆش کردووە، زیاتر بەبیرە ئایینیەکە سەرقاڵ بوونەو ئاوریان لەلایەنە ئەدەبی وئیستاتیکی ناو دەقە شیعرەکە نەداوەتەوە، فەنایی پێیوایە: قەسیدەکەی حەریق هەموو باس وخواسی کوڕە، بەڵام پێی لە قەسیدەکەی نالی باشترە؛ کە هەمووی باس و خواسی دڵداری کچە، بەڵام لێرەدا دەمەوێ ئەوە دووپات بکەمەوە کە: هیچ کام لەو شاعیرانە نەیانتوانیوە سنوری نالی تێپەڕێنن و شتێکی ئەوتۆ بنووسن، کە لە قەسیدەکەی نالی جوانترو بەهێزتر بێت، وەك دەڵێت:



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٨

**هەرچەندە هەموو باسی کوڕە جوابی حەریقیش**
**هەر چاترە لەم باسە کە ڕووی داوە لە نالی (مصطفی، ٢٠٠٦، ٢٠٠)**

لەم بەیتەدا فەنایی بەنجی لایەنگری بەری دەدات و هۆشیار دەبێتەوە، خۆشی درک بەوە دەکات؛ کە خۆی خاوەن تێڕوانین و جیهانبینییەکی ئازاد نییەو باوەڕی بەو دەمارگیرییە نامێنێت، کە خۆی لەو بازنەیە قەتیس کردووەو لە نەفەسی شیعری حەریق پەنگی خواردۆتەوە، بۆیە ئەوەی لەزەینی گەڵاڵە بووە، بەرهەمی فەنایی نییە، لەم بەیتە خۆی واپیشان بدات کە: ڕۆڵی بێلایەنی دەگێڕێت وداوا لە قەڵەمەکەی دەکات بێدەنگ بێت، ئەوەی بۆ ئەدەب گرنگەو مەرجە وشەی جوان دەربڕێت، یان ئەم خەزانەی زمان واتا دەم دابخرێت چاکترە، وەک کەڕوڵاڵێک هیچ نەدرکێنێت، وەک دەڵێت:

**بێدەنگ بە قەڵەم شەرتی ئەدەب حوسنی کەلامە**
**یا خەزنەیی دەم داخە ئیتر یەعنی کەلالی (مصطفی، ٢٠٠٦، ٢٠٠)**

جارێکی دیکە فەنایی متمانە بەخۆبوونی بۆچوونەکانی خۆی لە دەستدەدات، دەربڕینەکەی لە سەر هەمان تێڕوانینەکەی حەریق بیناکردووەو پێیوایە: جوان نییە بۆ نالی لە تەمەنێکی پیرو زانایەکی وا گەورە شیعر بەسەر جوانی وبالآی کچاندا هەڵبدات و قەسیدەکەی هەموو بۆ عیشقی کچ ومێبازی قانداوە، هەرچەندە ئەوەی لێرەدا ئاماژەی پێ دەکەم، بۆ نالی لایەنگری نییەو پەسەندکردنی عیشقی مەجازی نییە، بەپێی بنەماکانی ڕەخنە بۆچوونی خۆم دەخەمەڕوو، ئەگەرچی قەسیدەکەی نالی بەراورد بە شیعرەکانی دیکەی لەو ئاستەبەرزە نییەو ئەوەندە شایانی وەسف و پێداهەڵگۆتن بێت، بەڵام بەراورد بە شیعری شاعیرانی دیکە، لە ڕووی شێوازو تەکنیکەوە لە ئاستێکی هونەری بەرزتر دایە، حەریق و فەنایی تێگەیشتنیان وایە: کە عیشق تەنها بۆ منداڵە، یان هەرزەکارێک، بەجۆرێک ڕەخنە لە نالی دەگرن، کە جوان نییە بۆ پیرێکی وەکو ئەو بەم تەرزە لە عیشق بدوێت، بۆ قەلەمی نالی واتا: بۆ کەسایەتی نالی ومەعریفەکەی ئەمجۆرە عیشقە گونجاو نییە، پێنووسەکەی حەریق؛ واتا: بیروبۆچوونی لە نالی باشترە، لەشەرحی عیشقدا بۆ پیر خێر باشترە، شوورەییە، نالی خۆ تۆ منداڵ نیت، جارێکی ئەوە دووپات دەکەمەوە ئەگەر نالی لەتەمەنی (٥٦) ساڵیدا کۆچی دوای کردبێت، نالی کەی پیرە؟ فەنایی بەڵگەی چییە کە نالی لە تەمەنی پیری ئەم قەسیدەی نوسیوە، ئایا عیشق تەنها بۆ منداڵە؟ بۆچی پیر نابێت عاشق بێت؟ ئەم بۆچوونەو تێڕوانینەی فەنایی دەماگیری ئایینە، پێموایە: بنەمایەکی زانستی وسەلمێنراوی نییە، چونکە عیشق پەیوەندییەکی ڕۆحی بەهێزەو لە ژیانی مرۆڤ ڕەگی داکوتاوە، بەهیچ شتێك کۆتایی نایەت؛ تەنها مردن نەبێت، هەمیشە لەگەڵ تەمەنی مرۆڤەو مەرج نییە؛ تەنها بۆ تەمەنێکی دیاریکراو بێت، بەڵگەی ئەوەشمان زۆرجار لە نێوان دوو کەسدا، کە یەکتریان خۆش دەوێت؛ کاتێک یەکێکیان دەچێتە قۆناغی پیری، یان کۆچی دوایی دەکات؛ بەڵام عیشقەکە زیندووە، نیشانەکانی عیشق زیاتر هەستپێ دەکرێت، ئەوەی کە لە ژیاندا ماوە، وەک ڕێزو وەفایەک بۆ بەستنی پەیوەندی خۆشەویستی داوای کەسی دیکە ناکات، هەمیشە دڵی لای ئەوکەسەیە کە عاشقی بووە، وەک دەڵێت:

**شەرعی قەڵەمی نالی و پێنووسی حەریقت**
**بۆ پیری و خیرەت چاکە، نە بۆ تۆکە منالی (مصطفی، ٢٠٠٦، ٢٠٠)**

### ٢-٤ : تێڕوانینی بێدڵ بۆ عیشق:

عیشق لە پانتایی ئەدەبدا بۆ ئافراندنی دەقی شیعریی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، شاعیر ئەوەی لە زەین و هزری دایە؛ لە ڕێگەی زماندا بەجوانترین گوزارشت دەریدەبڕێت، چونکە عیشق

ڕێگەیەکە هەموو شاعیران پێیدا تێپەڕیون، بەهۆی ئەو ئەزموونەوە شیعر دەکەنە ئامرازێکی سەرەکی بە ڕەمزی کوڕوکچ بۆ پراکتیزەکردنی ئامانجەکەیان، چونکە پێیانوایە: عیشق توانای بڕینی هەموو سنوورێکی هەیەو هەنجەتێکی لۆژیکیشە، تا شاعیر بەهۆیەوە کوڵی دڵی هەڵ بڕێژێت وبنەمایەکی سەرەکی جوانیناسیشە بەهۆیەوە چەندین دەقی شیعریی جوان بنووسێت، بێدڵ تێڕوانینی خۆی بۆ عیشق خستووەتەڕوو، ئەگەرچی غەزەلەکەی بە شێوازێکی ئاسان و لە دەوری مەبەستێکی دیارو ئاشکرا دەسوورێتەوە، بەڵام بە بەراورد بەشیعرەکانی دیکە خاوەن وێنەو وەسفی ئیستاتیکی بەرزە، لەلایەکی دی ئەم شاعیرە بەهۆی کەمی بەرهەمییەوە زۆر بە کەمی ئاوری لێدراوەتەوەو لێی کۆڵراوەتەوە، بەڵام ئەوەی شایانی باسە (د. مارف خەزنەدار) لەپێشەکیەکەیدا بەچەند سەرەقەڵەمێك ئاماژەی بەڕۆڵی شاعیر کردووە، کە شێوازێکی ئاسانی لە نووسینی شیعر پەیڕەو کردووە، شیعرەکانی بێدڵ سادەو بێگرێن، هەمووکەسێک بەئاسانی لە شیعرەکانی دەگات، بەڵام لە ڕەهەندی جیاوازەوە جیهانبینییەکەی خۆی پیشانداوە، گەرچی ئەزموونی لە نووسینی شیعری کلاسیکی لاواز بووە، بەڵام هەوڵیداوە؛ شارەزایی پەیدا بکات و وەکو شاعیرانی کلاسیک شیعر بنووسێت، بۆیە تێڕوانینەکەی بۆ عیشق مەجازییە، غەزەلەکەشی بۆ مەبەستی دڵداری وسێکس و ئەوینی کچە، بێدڵ بە ڕاشکاوی تێڕوانینە ڕۆمانسییەکانی خۆی دەربارەی کچ دەربڕیوە، بێ سڵەمینەوەو ترس لە کۆمەڵگا جیا لەو پەیوەندیە ئاینییەی لەسەرهەمان بیرۆکەی نالی ئاڵای عیشقی مەجازی بەرزکردۆتەوەو پێیوایە: عیشقی کچ بۆکاتی خۆش وخەمباری، بۆ کات بەسەربردنی هەتا هەتایە، بۆ دامرکاندنەوەی ئاگری شەهوەت لەکاتی شەواندا ...، کچ شیرین و چێژدارە.

لە بەیتی یەکەمدا بەجۆرێک پرۆژەکەی بیناکردووە، کە ناسنامەی عیشقەکەی ئاشکرا کردووەو ڕاستگۆیانە پەردە لەسەر مەسەلەکە لادەدات و ئەوینی مەجازی دەکاتە شوناسی دەقە شیعرییەکە، وەک شاگردێکی نالی دەربڕینەکەی بە ئاگایی لە پەسەندکردنی ئەمجۆرە عیشقە دووپاتکردۆتەوەو سودی لە ئەزموون و مەعریفەی شیعری نالی وەرگرتووە، بەڵام بە شێوازێکی سادەوساکار دایڕشتۆتەوەو دەڵێت: ئەگەر داوای خۆشەویستی دەکەی بۆ کاتی خۆشی و ناخۆشی و بۆ نائومێدی وخەمباری، بۆ کات بەسەر بردن وعیشقێکی هەمیشەیی ویەکجاری، ئەوە داوای کچ بکە، چونکە کچ وەکو باغی گوڵ وایە، هەمیشە بۆنی خۆشە وجوان و ڕازاوەیە و تەنها کچ شایانی عیشقە، وەك دەڵێت:

**گەر تالبی دڵداری بۆ شادی و خەمباری**
**بۆ کاتی و یەکجاری وەک باغی گوڵانم کچ  (بێدڵ، ١٩٩٩، ٥٦)**

سەرەڕای ئەوەی ئەزموونی ئەدەبی بێدڵ دەوڵەمەند نییەو ناچێتە پەیوەندییەکی وەها تۆکمەی داهێنان، کە شایانی قسەی زۆر لەسەر کردن بێت و پێویستی بە فرە میتۆدی هەبێت؛ تا لەزۆربەی گۆشەکانی دەقەکە لێبکۆڵرێتەوە، ئەمە بە زەقی ڕەنگیداوەتەوە، کە شێوازەکەی لە بازنەیەکی تەقلیدی سووڕاوەتەوە، کە ئەوینی مەجازی پەسەندکردووە، بەڵام پێویستە هەڵ وەستە بکەین؛ بەوەی مەلایەکی وەکو بێدڵ بەمشێوەیە لە ئەوینی کچ دواوە، بێ ئەوەی ترسی لە سەرزەنشتی کۆمەڵ هەبێت و دینداریەکەی ناشیرن بکات و لەژیانی ببێتە لەکە، ئەمە بوێرییەکی گەورەیە کە پەنجەی بۆ بردووە، چونکە پێیوایە: کچ وەک عارەق وایە، کوڕ بە عیشقەکەی مەست وسەرخۆش دەبێت و کوڕیش حەزی بەم عارەقەیە، بۆیە ئەم جامی شەرابە نۆش دەکات؛ تا لەزەتی لێ وەربگرێت، ئەم جامی شەرابە واتا: کچ بۆ دڵ و هۆش

ئارامییە، بۆ زەوقی شەوان وچێژی سێکس لەشەواندا خۆشەو بەتامە، بۆیە کچ لای بێدڵ پەسەندە، ئەمەش ڕەتکردنەوەی ئەوینی دیکەیە، وەک دەڵێت:

**کوڕ جامی شەراب نۆشە کچ عارەقی سەر خۆشە**

**ئارامی دڵ و هۆشە، بۆ زەوقی شەوانم کچ (بێدڵ، ١٩٩٩، ٥٦)**

بێدڵ بەهۆی هۆشیاری ئایینی و کۆمەڵایەتی ترسی لە لۆمەکردن نەبووە، بۆیە گوتاری بابەتەکەی دەخاتەڕوو، ئامادەیە بۆ تەحەداو ڕووبەڕووبوونەوە بێ ئەوەی کوڕیش فەرامۆش بکات، خەیاڵی عیشقەکەی لەناو شیعردا بەرجەستەکردووە، کوڕ لای بێدڵ دەبێتە ڕەمزی ئازایەتی و مەردایەتی، ئامادەیە لە مەیدان بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئەوینە، ئەگەرچی ڕەهەندە مەعریفی و فەرهەنگە ئەدەبیەکەی نەگەیشتۆتە ئەو پلەیەی کە بتوانێت؛ شان لەشانی نالی بدات و شاعیرانی دیکە تێ بپەڕێنێت، بەڵام بەئەندازەی تێگەیشتن و تواناو جیهانبینی خۆی لە ئەدەبدا پیشانداوە، بێدڵ پێیوایە: کوڕ وەکو شێر لە ژیان ئازایەو کچیش وەکو بەهەشتی خوا جوان و ڕازاوەیە، بۆ سەیران وکاتی خۆش ئامادەیەو دەبێتەهۆی دڵخۆشی و ئارامی، بەهۆی پرۆسەی خۆشەویستی و بەریەککەوتنی جەستەیی لەکاتی خەوتندا چێژبەخشە، وەک دەڵێت:

**کوڕ شێرە لە مەیدانە کچ جەننەتی یەزدانە**

**ئامادەیی سەیرانە بۆ کاتی خەوانم کچ (بێدڵ، ١٩٩٩، ٥٦)**

هەرچەندە بێدڵ خۆی لە ئاڵۆزی و تەمومژی زمان بەدوور گرتووە، بەڵام ئەزموونە شیعرییەکەی هێشتا هەژارە، سەرەڕای ئەوەی غەزەلەکەی لە (٦) بەیت پێکدێت، بەڵام وێنەو دەستەواژەی سواو چەندین جار دووبارەبووەتەوە، وەک (ئارامی دڵانم کچ)و (کوڕ ئازایە لە مەیدان)و (بۆ کاتی شەوانم کچ)، بۆ دەوڵەمەنی غەزەلەکەی؛ دەکرا پەنا بۆ دەستەواژەو وشە وێنەی نوێتر ببات، بەڵام شیعری بێدڵ بەرگرییە لە کچ، لە ڕەهەندێکی جیاواز دەڕوانێتە کچ، فۆڕمێکی کۆمەڵایەتی جوانی بە کچ بەخشیوە، بێدڵ بە دۆخێکی هۆشیاری تێپەڕیوە، ترسی لە گرێ کولتوورییەکان نەبووە، بۆیەش هەست بەهیچ شڵە ژانێک ناکەیت، کە دەقە شیعرییەکە دەخوێنیتەوە، وەسف و وێنەیەکی جوانی کوڕو کچی کێشاوە، پێیوایە: کوڕ لە مەیدانی ژیان ئازایەو مەردە، کچیش وەکو ئاسکی بیابان جوان و ناسکە، دەرمانە بۆ دەردی کوڕ، چونکە ئێش وئازارو خەمی کوڕان لادەبات و ئارامی و ئاسوودەیی بەدڵ دەبەخشێت، وەك دەڵێت:

**کوڕ مەردە لە مەیدانە، کچ ئاسکی بیابانە**

**خەم لابەری لاوانە ئارامی دڵانم کچ (بێدڵ، ١٩٩٩، ٥٦)**

بێدڵ بەردەوامی بە پرۆژە کۆمەڵایەتییەکەی داوەو کوڕوکچی بە مەسەلەی ژیان گرێداوە، بە تێڕوانینێکی شارستانی و هاوچەرخ پەیوەندی نێوان ڕەگەزی نێرومێ بۆ خۆشەویستی بە پێویست زانیوە، لە شیعری بێدڵ هۆشیارییەکی نوێ هاتۆتە ئاراوەو جیاکاری لەنێوان ڕەگەزی کوڕوکچدا نەکردووە، ئەمەش بۆ خوڵقاندنی جیهانێکی تازەو مۆدێرن کە یەکتری قبووڵ کردن لە شیعری بێدڵ ڕەنگیداوەتەوە، هەمان فەلسەفەو میتۆدی (ئادەم وحەوا) خراوەتەوەڕوو. لای بێدڵ کچ لەبەر تەسک کردنەوەی کەسایەتی و بچووکبینین و بێ مافکردن و قێزەونکردنی وەک ڕەگەزی مێ دوور خراوەتەوە، بە پێچەوانەوە وەک هاوبەشێکی گرنگی ڕەگەزی نێر بۆ ژیان بەرزکراوەتەوە، پێیوایە: کوڕ وەکو کاوەی ئاسنگەر ئازاو پاڵەوانە، کچیش وەکو خاتوو ئەختەر ئازاو چاوەترس وخانمانەو پاک وبێگەردە، وەکو گەوهەر گرانبەهایە بۆژین و ژیان کچ باشە، وەك دەڵێت:

**کوڕ کاوەی ئاسنگەر کچ پۆرتەوی وەک ئەختەر**

بێ گەردە وەکو گەوهەر بۆ ژین و ژیانم کچ (بێدڵ، ١٩٩٩، ٥٦)

**ئەنجام:**

١- نالی بەهۆی قەسیدەی: (عیشقت کە مەجازی بێ خواهیش مەکە ئیللا کچ) کاری کردووەتەسەر کۆمەڵێك شاعیری دوای خۆی، بە تایبەتی شاعیرانی وەک: ( فەنایی، بێدڵ)، هەر یەك لەم شاعیرانەش بۆ بنیاتنانی دەقە ئەدەبییەکەیان، لەلایەنی ڕووخسارو ناوەرۆکدا سوودیان لە بیرۆکەکەی نالی وەرگرتووە.

٢- لە لایەنی ڕوخسارەوە:

أ- دەربارەی کێشی شیعر: بێدڵ هەمان ئەو کێشە شیعرییەی بەکارهێناوە، کە نالی بەکاری هێناوە، ئەویش: (کێشی هەزەجی هەشتی ئەخرەب)ە، بەڵام فەنایی کێشێکی جیاوازتری بەکارهێناوە، بریتییە لە: (هەزەجی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف)، کە خۆی لە دووپاتکردنەوە دەربازکردووە.

ب- لە ڕووی سەرواوە: بێدڵ لاسایی نالی کردووەتەوەو هەمان پاش سەروای (کچ)یان بەکارهێناوە، وەك بەرپەرچ دانەوەیەك کەچی فەنایی دەنگی سەروای (ڵ)ی بەکارهێناوە.

٣- لە ڕووی ناوەرۆکەوە: فەنایی کەوتووتە ژێر کاریگەری نالی، بەڵام بیرۆکەکەی نالی، کە عیشقی مەجازییە ڕەتی کردۆتەوە، لە دژی نالی بیرۆکەکەی پێچەوانە کردووەتەوە لە بەرامبەردا عیشقی حەقیقی هەڵبژاردووە، کەپێی دەڵێن: (کاریگەری پێچەوانە)، (ئەدەب)ی شاعیر لاسایی نالی کردۆتەوەو سودی لەزۆر وێنەو دەستەواژەی نالی وەرگرتووە، بێدڵ بەهەمان شێوەی نالی عیشقی مەجازی هەڵبژاردووەو لایەنگری نالی دەکات، لە هەندێك بەیتیش هەمان دەستەواژەی نالی دووبارەکردۆتەوە.

٤- تێڕوانینی شاعیرانی کلاسیکی کوردی کرمانجی ناوەڕاست تایبەت بە عیشق بەمشێوەیە ڕەنگیداوەتەوە: نالی لایەنگری کچ دەکات وتێڕوانینەکەی بۆعیشق مەجازییە، لەنێوان نێرومێدا عیشقەکەی ڕەنگیداوەتەوەو دژی ئەوینی نێربازییە، فەنایی پێچەوانەی نالی کوڕی هەڵبژاردووەو تێڕوانینەکەی بۆ عیشق حەقیقییە، بێدڵیش بێ دوودڵی ئەوینی کچی پەسەندکردووەو تێڕوانینەکەیان بۆ عیشقی مەجازییە.

**سەرچاوەکان:**

-قورئانی پیرۆز

**یەکەم : بە زمانی کوردی :**

**ا : کتێب :**

- ئوسمان، محەممەد ئەمینێ، (١٩٩٠)، ئەحمەدێ خانی، مەم و زین، مطبعة جاحظ- بغداد، چاپا ئێکێ.

- ئامێدی، عەبدوڵلا یاسین، (٢٠٠٣)، پەیدابوونی ڕەخنەی ئەدەبی لەشیعری کلاسیکی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- بێ دڵ، کەمال ڕێناس، (١٩٩٩)، دیوانی بێ دڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی کریستاڵ، هەولێر.
- بەرزنجی، عەبدولڕەحمان بێلاف، (٢٠٢٣)، ڕابیعەی عەدەویە لە ئاوێنەی عیشقی ئیلاهیدا، ، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ناوەندی فێربوون، هەولێر.
- بابان و گلی ڕوان عەبدوالمجید و سامی، (٢٠٢٤) ،لە کوێ خۆشەویستی هەبێت ژیان لەوێ هەیە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- تاتانی، د.محمد، (٢٠٢٣)، عیشق و دەرکەوتەکانی لە ئەدەبیاتی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
- پژوە، دانیش، د. مەنۆچەهەر، (٢٠٢٠) ، سەعدی شیرازی، عیشق و ژیان، وەرگێڕانی: عەبدوڵا مەهدی، چاپی دووەم، ناوەندی ڕەها.
- حەسەن، (٢٠١٧)، حەمە سەعید، توانەوە لە زەریای عشقی خوادا، چاپی یەکەم، ، بڵاوکراوەی ماڵی وەفایی، چاپخانەی تاران.
- حسێن، کازم،(٢٠١٨)، جوانیناسی عیرفانی لە شیعرەکانی شێخ نوورەدینی بریفکانی دا، سلێمانی، چاپخانەی گەنج
- خەزنەدار، د. مارف، (٢٠٠١)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر.
- خەزنەدار،د. مارف، (٢٠٠٤)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی چوارەم، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.
- خورشید ،قانع، (٢٠٢١)، عیشق وەک چەمکێک بۆ ژیان، چاپی دووەم، ، ناوەندی ڕێنوێن، سلێمانی.
- خورشید ،قانع، (٢٠٢٣)، عیشق لە نێوان عەقڵ و ئاییندا، چاپی پێنجەم ، ناوەندی ڕێنوێن، سلێمانی.
- داشبەندی، عەزیز موحەمەدپور، (١٣٧٨)، دیوان و شەرحی حاڵی شێخ ئەحمەدی کۆر، (موکریانی) ،چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیام .
- ڕەسول، دکتۆرە شکوریە، (١٩٨٩)، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب.
- ڕەحیمی، هەژار، (٢٠١١)، ئەدەبی بەراوردکاری، د.محمد عەبدولسلام کەفافی، وەرگێڕانی هەولێر، چاپی یەکەم.
- شوانی، عەبدولوەهاب، (٢٠٠٩)، عەشق واتە ١ + ١ = ١ ، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
- شۆپنهاوەر، ئارسەر، (٢٠١٧)، هونەری ڕەفتار لەگەڵ ژنان، وەرگێڕانی: باوزی مەحموود هومەر چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ناوەندی فێربوون.

- شوان، ابراهيم أحمد،(٢٠٢١)، شیعری سۆفیانە لە ئەدەبی کۆنی کوردیدا، ، چاپی یەکەم، نوسینگەی تەفسیر.

- عبدالفتاح، حمید احمد،(٢٠١٨)، خۆشەویستی حەقیقی و خۆشەویستی مەجازی، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم.

- فەیزی، کەریم، (٢٠٢٣)،کیمیای عیشق، لە فارسییەوە فاتیمە محمد زەڵمی، چاپی یەکەم، ، دەزگای فام.

- کەسنەزانی بوشرا- بەرزنجی، دکتۆر سەباح، (٢٠٢٤)، فەرهەنگی پیران ، چاپی دووەم، چاپخانەی سەردەم

کورد دوستان، سلێمانی

- گەردی، عەزیز، ئەدەبی بەراوردکاری، چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد.

- گەردی، عەزیز، (٢٠١٤)، کێشناسی کوردی، چاپی یەکەم، ،کتێبخانەی ئارام- ڕانیە.

- مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریمی و کەریم، محمدی مەلا، (٢٠٠٣)، دیوانی مەحوی، ئینتیشاراتی کوردستان.

- مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریمی و عەبدولکەریم، فاتیح، مەلا کەریم و مەلا کەریم، موحەحەمەدی(١٣٨٩) دیوانی نالی، چاپی حەفتەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان.

- میراودەلی، کەمال، (١٩٧٩)، فەلسەفەی جوانی هونەر، چاپخانەی زانکۆ، سلێمانی.

مصطفی، عابد عبداللە، (٢٠٠٦)، دیوانی فەنایی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی کشتوکاڵ، هەولێر.

- مەلا، د.حەمەدی، (٢٠١٣)، مەحوی لە نێوان زاهیرییەت و باتینییەت و سەرچاوەکانی عیشق و وێنەی مەعشووقدا، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- نەجاری، موحەمەد سەعید، (١٣٨٩)، دیوانی وەفایی، موحەمەد عەلی قەرەداغی، انتیشارات کردستان.

**<u>ب : نامە ئەکادیمییەکان :</u>**

- ئەحمەد، هێمن عومەر، (٢٠١٤)، هێرۆمینۆتیکای، شیعری سۆفییانەی (مەحوی)، زانکۆی سلێمانی، نامەی دکتۆرا.

- تاتانی، محمد ئەمین عەبدوڵا، (٢٠٠٨)، بوون لە شیعری مەحویدا نامەی دکتۆرا، لە زانکۆی کۆیە، کۆلێژی زمان ،

- ڕاوەندی، محەممەد عەبدولڕەحمان ئیبراهیم، (٢٠٠٤ ) ، عیشق لای مەلای جزیری و حافزی شیرازی ، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین.

- نادر، ڕێناس خالص، (٢٠٢٢)، میتافۆری چەمکی عەشق لە شیعرەکانی (صافی)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سۆران.

**<u>ج : گۆڤار:</u>**



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

- نیهادو ئەمین فریاد و حاجی سیروان جەبار (زەند)، (٢٠٢٤)، بەراوردی عەشقی عیرفانی لە شیعرەکانی سافی هیرانی و مەولانا جەلالەدینی ڕۆمیدا، گۆڤاری توێژەر، زانکۆی سۆران، ، ژمارە (٧).

**دووەم : بە زمانی عەرەبی:**

**ا: کتێب :**

- المصري، ابي الفضل جمال الدين،بن مكرم ابن منظور الافريقى(١٩٥٦)، لسان العرب، المجلد العاشر،دار بيروت للطباعة والنشر.
- الجوهري ،اسماعيل بن حماد، (١٩٧٩)، الصحاح، تاج اللغة وصحاح العربية، ،جزء الرابع،الطبعة الثانية، بيروت.
- المصطاوي، عبدالرحمن، (٢٠٠٥)، ترجمان الاشواق، للشيخ الامام محىالدين بن علي ابن العربي، ،دارالمعرفة،بيروت –لبنان.
- المجلسي، العلامة، (١٩٨٣)، بحار الانوار ،الجزء (٥٥)، الطبعة: الثانية المصححة.
- الهروري، محمد بن أحمد بن الأزهري، (٢٠٠١)، تهذيب اللغة، أبو منصور، الطبعة الاولى،دار احياء التراث العربي-بيروت.
- بن زكريا، لأبي الحسين أحمد بن فارس، (٢٠٠١) معجم مقايس اللغة، ،دار الاحياء التراث العربي،بيروت لبنان،طبعة الاولى.
- الحسينان، أبو عبداللملك خالد بن عبدالرحمن، (٢٠١٠)، دروس تربيوية في الاحاديث النبوية، ،مركز الفجر الأعلام
- بن طيب، محمد، (٢٠٠٨) ، وحدة الوجود في التصوف الاسلامي، الطبعة الاولى،دارالطليعة، بيروت.
- بو جمعة، ساره، (٢٠١٥)، جماليات التناص فی الشعر محمد جربوعة، رسالة ماجستير، جامعة، محمد خيظر- بسكرة الجزائر.
- تيجم، پولڤان، (١٩٤٦)، الادب المقارن، ترجمة: سامي دروبي، دار الفكر العربي، ب.م.
- هلال، محمد غنيمي، (١٩٨٧)، الادب المقارنة ،طبع (٥) دارالعودة، بيروت،لبنان.
- موسى،سلامة، (١٩٤٦)، الحب في التاريخ، دار مطابع المستقبل بالفجالة ولأسكندرية،طبع الأول،١٩٤٦.
- مقدسي، أنطون، (٢٠٠٨)، الحب في الفلسفة اليونانية و المسيحية،دمشق.

**سێیەم بە زمانی فارسی :**

**ا: کتێب :**

جبار پور سمية، (١٣٧٠)، بهمن نزهت،على رضا مظفرى ،"سيرو تطورنظريه عشق در اراو انديشه هاى عرفانى- فلسفى روزبهان و ابن دباغ" متن پژوهى ادبى.
- دانش پژوه، منوچهر، (١٣٩٤)، فرهنگ اصطلاحات عرفانى، چاپ سوم، تهران، نشر فرزان روز.

- زنگنه، ابراهيم رحيمى و شكرى، همايون(١٣٩٤) ، ڕابطه حسن و عشق درعرفان اسلامى
دانشگاه محقق اردبيلى، تهران.

**resources:**

-The Holy Qur'an

**First : In Kurdish**

**A : Book B:**

-Osman , Mohammed Amini , ( 1990 ) , Ahmadi Khani , Mam Zin , Jahz Printing House , Baghdad , 1st Edition.

-Amedi , Abdullah Yasin , (2003) , The Emergence of Y.S Literary Criticism in Classical Kurdish Poetry , ed First , Ministry of Education Printing House , Erbil.

-Heartless , Kamal Renas , ( 1999 ) , Diwan of Bedl , ed First , Crystal Printing House , Erbil.

-Barzanji , Abdul Rahman Belaf , ( 2023 ) , Rabi Aye Adawiya in the Mirror of God 's Love , ed First , Published by the Learning Center , Erbil .

-Baban and Gul y Rawan Abdulmajid and Sami , ( 2024 ) , Where there is love , there is life , ed First , the printing house East , Erbil.

-Tatani , Dr .Mohammed , ( 2023 ) , Love and its manifestations in Kurdish literature , edition First , Chawarchra Printing House , Sulaimani.

-Pzhwe, Dan Ysh , Dr. Manochahar , ( 2020 ) , Saadi Shirazi , Love and Life , translated by Abdullah Mahdi , second edition , center obsolete.

-Hassan , ( ٢٠١٧ ) , Hama Saeed , Tawanawa La Zarya Ishqy Khuda , Chap First , Mali Wafaee Publishing House , Tehran Printing House.

-Hussein , Kazim , ( ٢٠١٨ ) , Mystical beauty in the poems of Sheikh Nureddin , Sulaimani , Ganj Printing House

-Treasurer , Dr. Marf , ( 2001 ) , History of Kurdish Literature , Vol First , Aras Publishing House , ed First , the printing house of the Ministry of Education in Erbil.

-Treasurer ,Dr. Marf , ( 2004 ) , History of Kurdish Literature , Volume 4 , Aras Publishing House , Publishing House First , Erbil.

-Khursh , ی د Qane , ( 2021 ) , Love as a Concept for Life , Second Edition , , Central Renuen , Sulaimani.

-Khursh , ى د Qane , ( 2023 ) , Love Between Reason and Religion , Fifth Edition , Central Renuen , Sulaimani.

-Dashbandi , Aziz Mohammadpour , ( 1999 ) , Diwan u Sharhi Hali Sheikh Ahmadi Kor , ( Mukriani , ( Chap First , Payam Printing House.

-The Messenger ,Dr. Rashkuri , ( 1989 ) , Kurdish Literature and the Arts of Literature.

-Rahimi , Hazhar , ( ٢٠١١ ) , Comparative Literature , Dr. Mohammed Abdulsalam Kafafi , Erbil Translation , Printing first.

-Shuani , Abdullah Hab , ( 2009), Love means 1 + 1 = , ed First , Chawarchra Printing House , Sulaimani.

-Schopenhauer , Arthur , ( 2017 ) , Art Treatment of Women , translated by Mahmoud Homer 's father First , the publication of the learning center.

-Shuan , Ibrahim Ahmad , ( 2021 ) , Sufi poetry in ancient Kurdish literature , published First , the writing of the commentary.

-Abdulfattah , Hamid Ahmad , ( 2018 ) , True Love and Imaginary Love , Chawarchra Printing House , Printing House the first

-Faizi , Karim , ( ٢٠٢٣ ) , Chemistry of Love , in Persian and the death of Mohammad Zalmi , published First , the FAM Institute.

-Bushra - Barzanji , Dr. Sabah , ( 2024 ) , Dictionary of the Elders , Second Edition , Sardam Printing House

Kurd Dostan , Sulaiman Y

-Gardi , Aziz , Comparative Literature , Printed by the Kurdish Information Center.

-Gardi , Aziz , ( ٢٠١٤ ) , Kurdish Identity , ed First , it is the Aram - Ran Library.

-Muderis , Mullah Abdulkarim Mi and Karim , Mohammad Mullah , ( 2003 ) , Diwan Mahwi , Kurdistan Sharat Institute.

-Muderis , Mullah Abdulkarim and Abdulkarim , Fateh , Mullah Karim and Mullah Karim , Mohammadi ( ٢٠٠٠ ) Diwan Nali , seventh edition , vol and Kurdistan.

-Mi Rawdali , Kamal , ( 1979 ) , Philosophy of Beauty of Art , University Printing House , Sulaimani.

Mustafa, Abd Abdullah , ( ٢٠٠٦ ) , Diwan of Fanai , ed First , Ministry of Agriculture Printing House , Erbil.

-Mullah , Dr .Hamadi , ( 2013 ) , Mahwi between the appearance and the intention and the sources of love and the image of the lover , second edition , printing house East , Erbil.

-Najjari , Mohammad Saeed , ( 2000 ) , Diwani Wafaee , Mohammad Ali Qaradaghi , Anti - Sharat Kurdistan.

**B : Academic papers**

-Ahmad , Heman Omar , ( 2014 ) , Hermeneutics , Sufi Poetry ( Mahwi ) , Sulaimani University , Doctoral Thesis.

-Tatani , Mohammed Amin Abdullah , ( 2008 ) , Being in Mahvi 's Poetry , Doctoral Thesis , Koya University , College of Language,

-Rawandi , Mohammad Abdul Rahman Ibrahim , ( 2004 ) , Love with Mullah Jaziri and Hafiz Shirazi , Doctoral Thesis , Salahaddin University .

-Nader , Renas Khalis , ( 2022 ) , Metaphor of the Concept of Love in Safi 's Poems , Master 's Thesis , Soran University.

**C : G o v e r:**

-Nihado Amin Faryad and Haji Si Ruwan Jabar ( Zand ) , ( 2024 ) , Comparison of Mystical Love in the Poems of Safi Hirani and Maulana Jalal - e - Din N Y Rome da , Research Journal , Soran University , No. ( 7. (

**Second : In Arabic:**

**A : Book:**

-Al-Masri, Abi al-Fadl Jamal al-Din, Ibn Makram Ibn Manzur al-Afriqi (1956 ,(Lsan al-Arab, Volume 10, Beirut Printing and Publishing House.

-Al-Jawhari, Ismail bin Hamad , (1979), Al-Sahah, Taj al-Laghah and Sahah Arabiya, Part Four, Second Edition, Beirut.

-Al-Mustaawi, Abdulrahman , (2005), Translation of Ashwaq, for Sheikh Imam Muhialdin ibn Ali ibn al-Arabi, Dar al-Ma'arifa, Beirut, Lebanon.

-Al-Majlisi, Al-Alama, (1983), Bahar al-Anwar, Al-Jaza (55), Edition: Second Review.

-Al-Haruri ,Mohammed ibn Ahmad ibn al-Azhari , (2001) , Tahzib al-Lagha, Abu Mansour, First Edition, Dar Ahya Al-Trath Al-Arabi-Beirut.

-Ibn Zakaria, for Abi Hussein Ahmed Ibn Fares , (2001) Dictionary of Language Comparisons, Arab Heritage Revival House, Beirut, Lebanon, first edition.

-Al-Husseinan, Abu Abdul Malik Khalid bin Abdul Rahman , (2010) , Lessons of Education in Prophetic Hadith, Fajr Al-Alam Center

-Ibn Tayeb ,Mohammed, (2008), Unity of Existence in Islamic Sufism, first edition, Dar al-Tali'a, Beirut.

-Bo Juma, Sarah, (2015), The beauty of residence in the poetry of Mohamed Jarboua, Master's thesis, University, Mohamed K. Zar - Baskra ,Algeria.

-T. Y. Jam, Paul van , (1946), Comparative Literature, translated by Sami Droubi, Dar al-Fakr al-Arabiya, B.M.

-Hilal, Mohammed Ghanimi, (1987), Comparative Literature, 5th edition, Dar al-Ouda, Beirut, Lebanon.

-Musa, Salama, (1946), Love in History, Future Press in Fajala and Alexandria, first edition,

-Moqdsi, Anton, (2008), Love in Greek and Christian Philosophy , Damascus.

**Third in Persian**

**A : Book:**

Jabbarpour Samia ,(١٩٩١) ,Bahman Nazhat , Ali Reza Mozaffari " ,The Theory of Love in Mystical Thoughts - Philosophy of Rozbahan and Ibn Dabagh"

-Danesh Pazhveh, Manoucher, (2015), Dictionary of Mystical Terms, Chap Sum, Tehran, Farzan Roz Publishing House.

-Zanganeh , Ibrahi Marhimi and Shukri , Hamayun ( 2015 , ( Rabteh Hassan and Eshq in Islamic Mysticism , Ardabi Research University , Tehran.